YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٢١ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.31,December 2021

## هەرێم وەک ناوەندی بەرژەوەندی هاوبەشی هێزە ناکۆکەکانی ناوچە

یادنامە

بە پێی خوێندنەوەی سیاسی و سەربازی و جوگرافی و ئابوری و مرۆیی هەرێمی کوردستان و ئەم ناوچە جوگرافیەی چواردەوری لە ئێرانەوە بۆ عێراق و سوریا و تورکیا و لە بازنەی گەورەتریشدا چین و ڕوسیا و ئەمریکا ، هەمویان بە هەمو ناکۆکیەکانیانەوە خاوەنی بەرژەوەندی هاوبەشن لە هەرێمی کوردستاندا ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە ناهەموار و نا ئارامەی بازنەی بچوک و گەورەی دەوری هەرێمی کوردستانی گرتوەتەوە ، ئەمەش وا دەکات لەناوەڕاستی جیوپۆلەتیکێکدا سەرزەمینێک هەبێت ، ئارامبێت و ببێتە شوێنێک هەم بۆ بازاڕ کردن و هەم وەک ناوچەیەک بۆ ژیانی ئەو کەسانەی هەڵدێن لە شوێنەکانی ترەوە ، بۆیە هەرێم لەبەردەم عێراقێکی پڕ کێشمەکێش و سوریایەکی سەربازی و تورکیا بەشێکی پڕ لە سەرباز و بەریەککەوتن و هەڕەشەی داعش و ئێرانێکی پڕ ململانێی قورس ئەم ناوچەیە واتا هەرێمی کوردستان دەبێتە سەنتەرێکی باش و خاڵێکی کۆکردنەوەی هێزە ناکۆکەکان لە دەوری بەرژەوەندی هاوبەشیان .

بەڵام ئەوەی جێی تێڕامان و ڕەخنەی قورسە ئیدارەی هەردو زۆنی سەوز و زەردە ئەگەر چی هەژمونی دەستەڵاتی ناوچەیی زاڵ و خۆسەپێنە ، بەڵام ئەقڵی ناوخۆیی نەیتوانیوە بە پێی بەرژەوەندیەکان پەرە بە دامەزراوەیی دەوڵەتداری بدات و وەک هەلێکی هەنوکەیی سودی لێ وەربگرێ و ببێتە دەوڵەتێکی بەهێزی ناوچەکە ، کە لە ئەگەری کۆتایی هاتنی ململانێکانی ئەم ناوچانە ئەگەری هەیە هەرێم ڕوبەڕوی ململانێی قورس بێتەوە .




من تاوانبارەکەم و نیشتمان،
بێ تاوان!
کەچی ئەو هێندە میهرەبانە...
لێم دەبوورێت.
من بە گیرفانی بەتاڵەوە،
بەردێک دەگرمە نیشتمان...
تا بە هۆش خۆی بێتەوەو
خۆ لەو گەوجانە بپارێزێت،
تا هەڕاجی نەکەن!
ئەویتریش بە مێشکی پووچ و
گیرفانی پڕەوە...
تف لە نیشتمان دەکات و
شەق لەو مامۆستایە دەدات،
کە وانەی مرۆڤبوون،
بە منداڵان دەڵێتەوە!
————————
دەوەن مەعروف
تابلۆ: مامۆستا عەلی لەتیف





ئاسۆس هەردی ... ل٢
بۆچی جۆرە نوێیەکەی کۆرۆنا ناوی ئۆمیکرۆنە ... ل٣
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل٤
لەنێوان ڕەنگ و خۆشنووسیدا ... ل٥
شەوی یەلدا، درێژترین شەوی ساڵ ... ل٧
دووربینیی ڕۆناڵد ڕێگن، کورتبینیی مارگرێت تاتچەر ... ل٩
بەنداوی ئیلیسو ... ل١٢
قوبادی جەلیزادە ... ل١٣
کورد و بەڵگەنامەیەکی گرنگی حاشاهەڵنەگر ... ل١٤
مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991) ... ل١٥
خەونەکانم بێ کۆتایین ... ل١٧
سەرووەری ... ل١٨
دەربەندی بازیان ... ل١٩
بیرەوەری پێشمەرگە ... ل٢١

# ئاسۆس هەردی

رۆژی ٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ (سیدنی ستریت) کە چالاکوانێکی مەدەنیی رەش پێست دەبێت، لە رادیۆوە دەبیستێت یەکێک لە چالاکوانە دیارەکانی داکۆکیکار لە مافی ئەمەریکییە بە رەچەڵەک ئەفریقییەکان بە ناوی (جەیمس مێریدیت)، بە قەنناس تەقەی لێکراوەو هەوڵی کوشتنی دراوە. ئەم هەواڵە زۆر بێزارو تووڕەی دەکات. لەبەر خۆیەوە دەڵێت: دیارە "بە باشی نەیانپاراستووە". لە چەکمەجەی مێزەکەیدا ئاڵایەکی ئەمەریکای هەڵگرتووە کە لە بۆنە نیشتمانییەکاندا بە شانازییەوە هەڵیدەکرد. دەری دەهێنێت و دەچێت لە چوارڕیانێکی قەرەباڵغدا بە بەر چاوی خەڵکەوە دەیسووتێنێت. پۆلیسێک لێی نزیک دەبێتەوەو گوێی لە سیدنی دەبێت کە لەبەرخۆیەوە دەڵێت: "پێویستمان بە ئاڵایەکی نەفرەت لێکراو نیە". پۆلیسەکە لێی دەپرسێت: "ئاڵاکە هی خۆتە؟"، لە وەڵامدا دەڵێت: "بەڵێ هی خۆمەو سووتاندم. ئەگەر رێگە بدەن مێریدیت وای لێبکرێت، ئیتر ئاڵای ئەمەریکامان بۆچیە؟!"

لەسەر ئەو رووداوە دادگا بە تۆمەتی سووکایەتیکردن بە ئاڵای ئەمەریکاو سووتاندنی، سیدنی حوکم دەدات. سیدنی لە دادگای باڵا داوای پێداچوونەوەو هەڵوەشاندنەوەی حوکمەکە دەکات. دادگای باڵا بڕیارەکە هەڵدەوەشێنێتەوەو دەڵێت "ناکرێت سیدنی لەسەر ئەو قسانە ئیدانە بکرێت کە لە دۆخی (شۆک بوون)دا کردوونی... چونکە بەپێی دەستوورەکەمان نابێ رێگە لە دەربڕینی بیروڕا بگیرێت تەنها لەبەر ئەوەی هەندێک لەوانەی گوێیان لەو بیروڕایە دەبێت پێیان ناخۆشە". بە واتایەکی تر، بە لەبەرچاوگرتنی سیاقی رووداوەکە، دادگای باڵا وەک سووکایەتی بە ئاڵای ئەمەریکا لەقەڵەمی نادات، بەڵکو وەک شێوازێک لە نارەزایی دەربرین دژی هەوڵی کوشتنی چالاکوانەکە دەیبینێ. وەک ئەوە وایە سیدنی ناڕاستەوخۆ پێی وتبین، دەبێ ئەم ئاڵایە رەمزی پاراستنی ژیان و کەرامەتمان و، ماف و ئازادییەکانمان بێت. ئەگەر وا نەبێت بۆچیمانە؟

لە کوردستانیش نزیکەی سێ چارەکە سەدە لە مەوبەر، فایەق بێکەس دەیگوت:

کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە

دوودڵن پیسن لەناویەک بۆیە وا بێ لانەیە...هتد.

کەس هەیە جورئەت بکات بەو نیشتمانپەروەرە گەورەیەی کورد بڵێت سووکایەتی بە نەتەوەی کورد کردووە؟ ئاشکرایە بێکەس هەموو تەمەنی خۆی لە پێناوی نەتەوەکەی و مافەکانیدا بەختکرد. بە ژیان و گوزەرانی خۆیشی باجەکەی دا. ئەو شیعرە بەرهەمی تووڕەیی و بێزاریی خۆیەتی لە دۆخی پەرتەوازەیی و دواکەوتوویی میللەتەکەی. لە راستیدا بێکەس دەیەوێ پێمان بڵێ تا واز لە خۆخۆری، پارچەپارچەیی، قسەی بێ کردارو عەقلییەتی دواکەوتووی خۆتان نەهێنن، "ئەبەد ناگەن بە مەقسەد".

بە کورتی، دەرهێنانی قسەو کردارەکان لە سیاقی خۆیان و یاریکردن بە سۆزو عاتیفەی خەڵک، ئەگەر هەوڵی چەواشەکردنێکی مەبەستداریش نەبێت، ئەوا بێگومان سادەگۆییەکە تووشی هەڵەی گەورەمان دەکات. وامان لێدەکات حوکمی هەڵە بدەین و ستەم لە خەڵک بکەین.

تێبینی: ئەو وێنەیەی بڵاوکرایەوە کە گوایە خۆپیشاندەران سووکایەتی بە ئاڵای کوردستان دەکەن، دەرکەت کۆنەو پێچەوانەکەیشی راستە. ئەو گەنجانە ئاڵاکە کۆ دەکەنەوە بۆ ئەوەی کەس بەسەریدا نەڕوات




## بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ئامێرێك هێندە لە هەسارەی خۆر نزیك ببێتەوە
"زەمەن"

Parker Solar Probe کە ئامێرێکی بۆشاییی ئاسمانیی فەرمانگەی بۆشاییی ئاسمان و فرۆکەوانیی ئەمریکا (ناسا)یە، بوو بە یەکەمین ئامێری بۆشاییی ئاسمان کە هێندە لە هەسارەی خۆر نزیك ببەتەوە.

ناسا لە ماڵپەری خۆی بڵاوی کردووەتەوە، بە فڕینی Parker Solar Probe بۆ تاجی هەسارەی زەوی کە بە کەشی دەرەوەی هەسارەی خۆر ناسراوە، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ئامێرێکی بۆشاییی ئاسمان هێندە لە هەسارەی خۆر نزیك ببێتەوە.

Parker Solar Probe کە یەکەمین ئامێری دەستکردی مرۆڤە تاکوو ئێستا هێندە لە نزیکەوە لە خۆر نزیك بووبێتەوە، نموونەی لە کایەی موگناتیسی و گەردە بچووکەکانی هەسارەی خۆر وەرگرتووە.

ئەم هەنگاوە کە وەك قۆناغێکی گرنگ دەبینرێت لە زانستی هەسارەی خۆردا، چاوەڕوان دەکرێت رۆڵی هەبێت بۆ دەرخستنی زانیارییە هەستیارەکان لەبارەی کۆمەڵەی خۆرەوە.




## نیشانەکانی نەخۆشی کرۆنا

تا
کۆکە
هەناسەتەنگی
لەرز
ژانەسەر
ژانی ماسولکەکانی لەش
ئازاری قورگ
چەند نیشانەیەکی دیکە، کە کەمتر باون بریتین لە  بێ هێزی، ڕشانەوە و سکچوون.

ئەگەر نەخۆشییەکە توند و قورس بوو، ڤایرۆسەکە دەبێتە هۆی هەوکردنی سییەکان و پەککەوتنی هەناسە و لەکارکەوتنی گورجیلە و ئەگەری مردن.

دەکرێت نیشانەکانی ئەم ڤایرۆسە لە نێوان ١ بۆ ١٤ ڕۆژ دوای گرتنی ڤایرۆسەکە دەربکەون. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی کە پێشتر لە ڤایرۆسی مێرس بینراوە.

لەکاتی بینینی ئەم نیشانانە تکایە پەیوەندی بەم هێڵە گەرمانە بکە.
لە gov.krd وەرگیراوە




## بۆچی جۆرە نوێیەکەی کۆرۆنا ناوی ئۆمیکرۆنە؟

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا و پاش سەرهەڵدانی کۆرۆنا دوای شەپۆلی یەکەم و دووەم گوێمان لە ناوە جیاواز و نوێیەکانی ڤایرۆسەکە دەبێت وەك دەلتا و  لامپدا و بێتا و دوایین جۆریش کە ئۆمیکرۆنە کە دوێنێ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دانیپێداناو ناوینا ئۆمیکرۆن.

ئەم ناوانە چۆن ناودەنرێن؟ لە ڕاستیدا  ئەم ناوانە ناوی زانستی جۆری ڤایرۆسەکە نین کە هەموویان لە خێزانی کۆرۆنان، بەڵکو ئەم ناوانە WHO ناویان دەنێت. بۆ نمونە ناوی زانستی ئۆمیکرۆن بریتییە لە (B.1.1.529)  هەروەها جۆرەکانی دیکە بریتیین لە     B.1.1.7 B.1.351 B.1.61 B.1.351  B.1.1.7 B.1.617.2 کە جیاکردنەوە و ناسینەوەیان ئاڵۆزە بۆ خەڵك.

ڕێکخراوەکە بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوە و گفتوگۆ و قسەکردن لەسەر جۆرەکانی کۆرۆنا ناوی لە جۆرە جیاواز و گۆڕاوەکان ناوە. یەکەم جۆری لە بەریتانیا دەرکەوت ناونرا ئەلفا دواتر بێتا لە ئەفریکای باشور و دەلتا لە هند و  بەوشێوەیە.

 بۆ ئەوەی ناوەکان نەبنە هۆی لەکەدارکردنی ناوی ئەو شوێنانەی جۆری نوێی تیا دەردەکەوێت و کار لە ناوبانگیان نەکات WHO بڕیاریدا بە ناونانی جۆرە نوێیەکان بەرامبەر بە ناوە زانستییەکانیان.

سەرەتا بڕیار بوو بە ناوی خواوەندەکانی یۆنان ناوبنرێن، بەڵام ترس لە کەمی ناوەکان بڕیارەکەی پێگۆڕین بۆ پیتەکانی ئەلفابێتی یۆنانی بەو پێیەی وتنیان لەسەر زمان خۆشە و ئاسانە بۆ وتن و لەبەرکردن و ڕاگەیاندنەکانیش دەتوان بە ئاسانی بەکاریانبهێنن و بیانناسنەوە.

پیتەکانی ئەلفابێتی یۆنانی کۆن ٢٤ پیتەو ئۆمیکرۆن ١٥ هەمین پیتە. هەرچەندە دەبوو ناوی ئەم جۆرە Nu بێت کە ١٣ هەمین پیتە بەڵام لەبەر نزیکی لە وشەی نوێی ئینگلیزی New  ئەو پیتەیان پەڕاند دوای ئەویش دەبوو ١٤ یەمین پی بێت کە Xi یە ئەویش بەکارنەهێنرا.

بە گوێرەی سەرچاوەیەکی WHO پیتی ١٤یەم ناوی شوێنێکە و پێشتر بڕیاریان یاوە خۆیان بپارێزن لە ناونانی جۆرە نوێیەکان بە ناوی شوێن و ئاژەڵ و کەسەکان، بەڵام زۆر سەرچاوە دەڵێن بە هۆی هاوشێوەیی و لێکچونی لە ناوی سەرۆکی چین ئەو پیتەش بەکارنەهاتووە و ڕاستەوخۆ چونەتە سەر ئۆمیکرۆن. پێشتریش  ٣ پیتی دیکە دوای ناونان لابراون بە هۆی لابردنی جۆرەکانیان لە پۆلێن بەندی جۆرەکانی کۆرۆنا واتە تا ئێستا ١٠ جۆری نوێ بەو پیتانە ناونراون. تەماشای لیستەکە بکەن بۆ ئەوەی بزانن ناوەکانی داهاتوو کامانەن، خوا هەموان بپارێزێت.

لە بەرهەم خالید وەرگیراوە



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو ،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان
گوڵە کێویلەیەک بەبناری هەیبەت سوڵتانەوە ،کۆیە گوڵاو ڕێژ ئەکات ، هەناسەیەک بەپروشەیەکی یاخەکانی چنارۆکەوە حاجی قادرانە عاشقە ،
هەڵۆیەک لە ئاسمانیش یاخی یە و لەهاواری مەلای گەرە دەچێ لەهیچ کوێ یەک ماڵی نابێ ،پەپوولەیەک بەس بۆ گوڵ و چرا ئەژی ،هەنگاوی نیوەشەوی ناو ڕێگای سەختی خەبات و نەسرەوتوو هەرگیز هیلاک نەبوو ،هەمیشە گڕو سوتان و کۆشش بۆ خاک و نشتیمان لەگەڵ هەموو ئازارێکدا هەتوان بۆ هەموو تاریکی یەک چرا ،بۆ هەموو باخێک هەناسە ، بۆ هەموو لووتکەیەک سەنگەر لەپێدەشتا مەتەرێزو بۆ هەموو لێوێکی تینوو خەندەو بۆ هەموو ناحەقیەک قوربانی .
پیاوە جوانەکەی نیشتیمان و شارە خۆڕاگرەکەی کۆیە نەمر شەهریار ساڵح حەمید مفتی ساڵی ١٩٥٧ لەخێزانێکی نیشتیمانی و کوردپەروەر لەشارۆچکەی کۆیە چاوی بەژیان هەڵهێناوە،
تا پۆلی شەشی ئامادەیی خوێندووەبەپلەیەکی باش و نایاب ،بەڵام لەبەر هەڵوێستی کوردایەتی ونیشتیمان پەروەرانەی تێکەڵاو کاری سیاسی بووەو ،زۆر چالاکانە بەشداری لەڕێکخستنەکانی ناو شار کردووەو ئاشکرا بووە لای دەزگا سیخوریەکان بۆیە ڕوی کردۆتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە و پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە تا بووەتە فەرماندەی کەرت لەتیپەکانی ٩٣ ی کۆیەو ٩٩ ی بیتوێن لەکاتی جیاوازدا،بەشداری و سەرپەرشتی دەیان و سەدان شەڕی قورس و سوکی کردووە وەکو داستانی قورەبەرازەو دۆڵی خەلەکان و گرتنی رەباەیەو ،،،هتد ناوچەکەو خەڵک و پێشمەرگە شاهیدی قارەمانی بوێری ئەدەن ،چەندین جار بریندار بووە ،
بەداخەوە لە ٤-١١-١٩٨٧ لەشەڕێکی نابەرامبەردا لەدۆڵی خەلەکان ،هەرچەندە ئاگاداریان کردووە کە هێزێکی زۆر بەڕێوەیەو هی شەڕ و بەرگری نی یە ،قائد فیرقەی چوارقورنە خۆی سەرپەرشتی شەڕەکە دەکات و بە تانک و زریپۆش و کۆپتەر و چەندین چەکی قورسەوەن کەئەمان تەنها هەشت پێشمەرگە بوون ، بەڵام ئەم ئەڵێ ئێمە بۆ ڕاکردن لێرە نین دەبێ بجەنگین شێرانە سەنگەریان لێدەگرن و قارەمانانە دەجەنگن ،بەڵام زۆر بەداخەوە بریندار دەبێت و بەبێ هۆشی دەسگیری دەکەن تا لە دوایی لەفیرقەی چوارقورنە دواى لێدان و ئەشکەنجەیەکی زۆر گەشمردەی دەکەن و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە یادو یادەوەری بەخێر رەوانی پاکی شاد /ڕزگارەسوور





ڕووسوورەکانی مێژوو .کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان ؛ نەمر گەشمردە شوان ڕەوف نوری قارەمانێک لەداستان و کۆڵنەدان وهەمیشە ماندو نەناس ؛ بەهەموو شەقامەکانی شارا هەنگاوەکانی ئەبوو بەچراو بەسەر هیلالی تاریکیدا هەڵئەزنا ،سەیری هێلانەی ئاوریشم و هێمنی بوو بۆ خەوی شار ،باوەشێک بوو لەملی شەقام وتولەڕێدا ، جارێ سنەوبەری ڕادەژەنی و ،جارێک هەناسەی شاخی ئەکردە هەرزاڵی توترک و گیاقەیتەران ، بەهەر شوێنکدا هەنگاوی ئەنا بۆنی بەڵاڵوک و گوێژو شەوچەرەی شەوی یەڵدای لێئەهات ،پەنچەکانی دە مۆم بوون لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ ئەسووتا . سەیری پەلکەزێرینەی نیشتیمان بوو ڕیز ڕیز چۆلەکە ماندووەکانی سەر ڕنووە بەفرو ڕیشۆڵە ڕەشپۆشەکانی شاری لەسەر هەڵدەنیشت،هەناسەی خەوی ئارامی شاخ بوو .بزەی باوەشی گەرمی شارو خەمی هەمووMناڵانی ڕەشوو ڕووتی ئەم خاکەی ڕادەژەنی بەهەموو بنارێکەوە لووتکەو ،بەهەموو لووتکەیەکەوە هەورو ،لەهەوریشدا قریشکەی هەڵۆ ، لەخەویشدا بەئاگا بووچاوێک خەوتوو چاوێک دیدار ،دەستێک پشوو دەستێک لە ئامێزی تفەنگ ،قاچێک لەسەر چیچکان وەستاو ،قاچێک بەپێوەو سەنگەر گرتوو، نەمر کاکە شوانەی ڕەوف نوری لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٧ شاری سلێمانی لەبنەماڵەیەکی تێکۆشەرو هەمیشە لە هەڵوێستی نیشتیمانی دا لەپێشەوەی خەبات و سەنگەردا بوون ،کاکە شوانە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بەڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستانەوە،ساڵی ١٩٧٨ ڕوو دەکاتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە ،ساڵی ١٩٧٩ لە شانەدەری لای سەید سادق ئەگیرێت و ، داستانێکی تر دێتە ڕێگای ژیانی لێدان و زاو زیندان ، لە ئەمنی سلێمانی ئیستخبارات و هەیئەی کەرکوک و دواجاریش کە ئەمری لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت لە زیندانی موسڵ دەبێت ، بەڵام ئەم خۆڕاگرانە دەمێنێتەوەو ،ئەبێتە نموونەیەکی خۆڕاگری قارەمانێکی کەم هاوتای زیندان ، ئاخر ئەو لەناو ئەو هەموو ئەشکەنجەو لێدان و تۆقاندنانەدا لەگاڵتەو گەپی خۆی ناکەوێت و بەبەرچاوی هاوڕێکانیەوە دەست دەکات بەباخەڵیاو ئەسپێکانی لەشی دەردێنێ و ئەوەی گەورە بوایە ئەی کوشت چکۆلەکانی دەخستەوە باخەڵی ئەیوت ئەمانە منداڵن گوناحن ، ئەم لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێیدا دەستیان لەهەموو شتێک شتبوو ،چاوەڕوانی سێدارە بوون ،بەڵام سەدام دەبێتە سەرۆک و لێبووردنێکی گشتی دەردەکات و ئەمانیش ئازاد ئەکرێن لەهەمان ساڵی ١٩٧٩ ،دیسانەوە ڕێگای شاخ دەگرێتەوە بەرو دەبێتەوە بە پێشمەرگە ،دەبێتە جێگری کەرت جێگری مامە ڕیشە،لەکەرتی چواری جەباری ماوەک لە کەرتی هەمەوەندیش جێگر کەرت ئەبێت ، بەڵام زۆر بەداخەوە لە ڕێکەوتی ١٠-١٠-١٩٨٣ لەگرتنی مەخفەرەکەی سەنگاودا گیانی خۆی دەکاتە قوربانی خاک و گەل و نیشتیمان درود و سەرفرازی بۆ کاکی نەمر شوانەی رەوف نوری و گشت نەرانی خاک و نیشتیمان /ڕزگارەسوور
























# خەلیل کۆیکی
## لەنێوان رەنگ و خۆشنووسیدا
### ئا: بەختیار سەعید

لەو دەمانەی کە دەبینە بینەری تابلۆیەکي شێوەکاری رۆژهەلاتي کوردستان خەلیل کۆیکي ئەوە لەناو تابلۆیەکدا رەنگ و هارمۆنییەك و بووني وشە جیاوازەکان بە ئیقاعێکي جوان دابەشي ناو پانتایي ئەو تابلۆیە کراوە، هونەرمەند جگە لەوەی شێوەکارێکي دەسترەنگینە، لەهەمانکاتدا خۆشنووسێکي بەرقاوی دنیاي خۆشنووسي ئێرانییە.

خەلیل کۆیکي وەکو بابەت گرنگي بە بابەتي سۆفییە لەناو تابلۆکانیدا و لەو رێگایەوە چەندین تابلۆی نەخشاندووەو شیعرەکانی رۆمی و حافزی وەکو بناغەیەکی سەرەکی کارەکانی بووە، مەبەست لە گواستنەوەی خۆشنووسییە بۆ تەجریدو هەولدانەکەی بۆ ئەوە بووە کە زمانێکي نوێ بۆ نیگارکێشان بدۆزێتەوە کە ئەویش دۆزینەوەی تەجریدە لەناو خۆشنووسی ئێرانییە کە دەکرێت تابلۆی تایبەت بنەخشێنێت.

هونەرمەند خەلیل کۆیکي سەبارەت بە هەولەکاني لەناو ئەو دنیایەدا دەلێت (هەولمداوە لە بنەماکاني خۆشنووسی بچمە دەرەوە بەرەو هێلێکي راست لەو رۆشنبیرییە دەولەمەندەی ئێران، بووني هێلٚ واتا مامەلەکردنە لەگەلٚ هونەری خۆشنووسی و پێویستە لەسەرمان بنەماکانی هونەری خۆشنووسی پەیرەو بکەین ).

هونەرمەند جگە لەوەی شێوەکارێکي سەرکەوتووە، خۆشنووسێکي دەسترەنگینەو لەهەمانکاتدا بەشداری چەندین پێشانگەی خۆشنووسی و شێوەکاری کردووە لەهەمانکاتدا یەکێکە لەو شێوەکارانەی کە بەردەوام بەشداری ئەو ۆرك شۆپ-انە دەکات کە هۆکارن بۆ گەشەسەندوێتي زانستی هونەر لەلایەك، لەهەمانکاتدا دۆزینەوەی ستایل و تایبەتمەندێتي هونەرە بەشداری کردووە لەوانە:

-2007 ۆرك شۆپی نیگارکێشی مۆزەخانەی هونەریی هاوچەرخ .
- 2008 ۆرك شۆپی نیگارکێشی مۆزەخانەی هونەریی هاوچەرخ.
- 2008 ۆرك شۆپی نیگارکێشی زانستگەی شەریعەتی.
- 2011-2012 ۆرك شۆپی نیگارکێشی شارەوانی تاران.
- 2012 ۆرك شۆپی خەت نیگار، نیگارخانەی ئایرین تاران.

خەلیل کۆیکی دووجار پێشانگەی تایبەتی و چەند جارێکیش وەکو پێشانگەی هاوبەش لە شاری سلێمانی کردۆتەوە، وەکو تایبەتمەندییەکی هونەری ناسراوەو بەردەوام ستایلی کارەکانی جێي سەرنجەو زۆر بەسەرکەوتوویی توانیوێتی بناغەیەکی باش لە بیرەوەریی میوانی پێشانگەکانیدا  دروووستکردووە، هەر ئەوەش بۆتە ئەو هۆکارەی کە ئارەزوومەندێکی ستایلی کاری ئەم هونەرمەندە دروووست بووە.


هونەرمەند توانیوێتی لەو پانتاییەی کە کاری شێوەکاری دەکات توانیوێتی ببێتە خاونی ئەو ستایلەی کە نەك لەناو کوردستان و ئێران بەلکو لەسەر ئاستی ولاتێکی وەکو فەرەنسا پێشوازی لە تابلۆکانی ئەم شێوەکارە کوردە بکرێت و ببێتە ئەندامی یەکێك لە رێخراوە هونەرییانەی فەرەنساو وەکو ئایکۆنێکی خۆرهەلاتی پێشوازی لێکراوەو گرنگی بە بەرهەمە هونەرییەکانی دراوە، ئەوەش یەکێکە لەو هەنگاوە گرنگانەی ژیانی هونەریی ئەم شێوەکارە کوردە.

لەدوایەمین ئەزموونی شێوەکار (خەلیل کۆیکي) لەشاری تاران ئامادەکردنی چەندین تابلۆ کە دوایەمین ئەزموونی بکاتە پیشانگەیەك، کە دنیایەکی جوانتر شیاوتر لە رابردوو لە رووی تەکنیك  و جارێکي تر ئاوێتەکردنەوەی وشەکان لەگەلٚ رەنگ و دروووستکردنی دنیایەك لە ئیستاتیکاو نیشاندانەوەی بەشێوەیەکی تازەگەریانە بۆ چاپي بینەرانی پیشانگەکانی و دروووست کردنی کەشێك لە هارمۆنی و بەخشینی بەشێك لە جواني.

بیۆگرافیای خەلیل کۆیکي

-1965 لە قەسری شیرین لەدایك بووە.
-2004 بڕوانامەی ماستەری لە بواری نیگارکێشان لە زانستگەی هونەری تاران وەرگرتووە.
- 1993 یەکەمین پێشانگەی تایبەتی لە گەلەری زەرابی
- 2007 دووەمین پێشانگەی تایبەتی لە گەلەری مەحجووبی
- 2000 سێیەمین پێشانگەی تایبەتی فەرهەنگسەرای ئیبن یسنا
- 2005 چوارەمین پێشانگەی تایبەتی لە نیگارخانەی زانستگەی شەریعەتی
- 2010 پێنجەمین پێشانگەی تایبەتی لە پاریس-سیتە
- 2011 شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری هوور
- 2012 حەوتەمین پێشانگەی تایبەتی دامەزراوەی فەرهەنگی ئیکۆ.
- چەندین پێشانگەی هاوبەشی لەناو ئێران و کوردستان و دەرەوەدا بەشداری کردووە.
- ئەندامی کۆمەلێك لە رێکخراوە هونەرییەکانی ناو کوردستان و ئێران و دەرەوەیە لەوانە (ئەنجوومەنی نیگارکێشانی ئێران، دامەزراوەی گەشەی هونەریی شێوەکاری، ئەنجوومەنی خۆشنووسانی ئێران، ئەندامی دەستەی ئامادەکردن و دانانی وانەی هونەری نیگارکێشان).

# مێژووی بنەڕەتی دروست بوونی (هاوینە هەواری سەرچنار )




دوای کۆتایی ئیمارەتی بابان لەساڵی ١٨٥١ لەشاری سلێمانی دابەش بوونی بابانیەکان کەبەشێکی زۆریان سلێمانیان بەجێ هێشت ڕوویان کردە شاری کفری و کەرکوك بەغداد وە بەشێکیان لەسلێمانی مانەوە لەژێر دەستی حوکمی عوسمانی

نووسین و ئامادەکردنی ; ئامانجی مامۆستا عمر

لەساڵی ١٨٥١ دوای ڕوخانی ئیمارەتی بابان. دۆخ و حوکمێکی تر لە سلێمانی پەیدا بوو کەئەویش حوکمی ڕاستەوخۆی عوسمانی بوو کارگێڕی و زەوی وزار موڵك کەوتە دەست کارگێڕی و دەسەڵاتی عوسمانی زۆر شوێن لەسلێمانی وەك زەوی زار تەماح و چاوی لەسەر بوو لەو شوێنانەش کۆمەڵێك زەوی بوون کەخۆی باخ و ئاوی کانی و کارێزی تێدا بوو ،من نامەوێت باسی هەمووی بکەم چونکە بەشێك لەو شوێنانەش تائێستا بەدەست خەڵکەوەیە کەدەبێتە مایەی سەرئێشە بۆ من بەهەر حاڵ

خانەوادەی خۆمان کەزۆر ناودار بووین وەزیری مەسرەف پۆستی خانەوادەی ئێمە بووە لەسەردەمی عوسمانی نازناوەکەشمان لەو مەسرەفەوە وەرگرتووە هەمزە ئاغای مەسرەف بێ منەتین یەك مەتر زەویمان وەرگرتبێت لەوزەمەنەدا تاپۆی عوسمانی تائێستا ماوە مێژووەکەی دیارە کێ بەگوریس زەوی وەرگرتووە لەو زەمەنەدا ، ئەم حاڵەتی زەوی تاپۆ کردنە هەر لەسلێمانی نەبووە بگرە شار و شارۆچکەشی گرتەوە تائێستاش تاپۆی عوسمانی لە(دائرە التسجیل العقار ) ماوە هی سەردەمی عوسمانی یە مێژووی لەسەرە

ئەوەی دەست و پێوەند و پەیوەندی لەگەڵ حوکمی عوسمانی هەبوو کاری بۆ ئەوە دەکرد یەکێك لەزەویە باشەکانی سلێمانی یاخود لەشار و شارۆچکەکان. وەربگرێت ئەوەی دەستی ئەڕۆشت بەتایبەت ناوداو عەشرەت دار و کاربەدەست خاوەن هێزبوو بەگوریس زەوی دەپێوا وەری دەگرت بێینەوە سەر مەبەستەکەی خۆمان چونکە هەندێ لەمێژوو نوسان لەسەردەمی عوسمانی و ئینگلیزیشدا ئاماژەیان بەو حاڵەتی زەوی وەرگرتنە کە بە گوریس پێوراوە داوە ئەمە حاڵی زۆربەی زەوی یە بەنرخەکانی سلێمانی بووە

(کانی و ئاوەکەی سەرچنار )

بەپێی گێڕانەوەی کاك سەربەست قەزاز ئەم زەوی یەی سەرچنار هی خانەوادەیەك بووە باوکیان مردووە دواتر بووە بەوەرەسە کچێك خاوەنداری کردووە ئێستا ئەم موڵکە ڕوونە کەهی کێ یە جارێکی تر دۆخەکە دەگۆڕێت ئەوە بوو عوسمانیەکان لەجەنگی جیهانی یەکەم کە هاوپەیمانی ئەڵمان بوون دۆڕان وە ئینگلیز لەساڵی ١٩١٩ هاتە ناو سلێمانی کەواتە کارگێڕی سلێمانی کەوتە دەست ئینگلیز ، بەڵام ئینگلیز بەهیچ جۆرێك ئەو موڵکانەی پوچەڵ نەکردەوە کەتاپۆی عوسمانی هەبوو موڵکەکان بەناوی خۆیان مایەوە بوون بەموڵکی خۆیان مێجەرسۆنیش حاکمی ئینگلیز ئاماژەی بەوە داوە کەلەسلێمانی گرانی و برسێتی بڵاو بۆتەوە دوای جەنگی جیهانی یەکەم

لێرەوە دەست بەباسی ئەوە دەکەم زەوییەکەی سەرچنار چۆن دەبێتە سەیرانگا !!!

(میرزا تۆفیق قەزاز ) خاوەنی شەرعی ئەم زەوی یە دەناسێت کەخاوەنەکەی مردووە کچێکی هەیە واریسی ئەم زەوی یە لەگەڵ ئەم کچە مامەڵە دەکەن وەڕێك دەکەون بەنرخی ئەو ڕۆژە کەزەوی سەرچنار ڕوبەرەکەی (٣٢) دۆنمە بە تاپۆی عوسمانی لێ دەکڕێت پارەکەشی بەلیرەی ڕەشادی دەداتێ وە دەیکات بەناوی خۆیەوە لەساڵی (١٩٢٥)

میرزا تۆفیقی قەزاز چۆن قۆناغی ئاوەدان کردنەوە دەست پێی دەکات

١-دەچێت بۆ بەغداد ترومپایەکی ئینگلیزی ئاو دەکڕێت کە بەهەندل ئیش دەکات لەماتۆڕ و خەنزیر پێك دێت

٢-حەوزێکی گەورە دروست دەکات لەسەر گردەکە بۆ ئاودان بەشێوەی گرافیکی

٣-ئەو ٣٢دۆنمە دەکات بەچوار پارچە بەئاودێری ئاوی بۆ دەبات

٤-نەمامێکی زۆر دەکڕێت بۆ ئەو ٣٢ دۆنمە دەیڕوێنێت

٥-خانوویەك بۆخۆی دروست دەکات بۆ حەوانەی خۆی

قۆناغی دووەم ساڵی ١٩٣٠

١-لەبەغداد ترومپایەکی بەهێز دەهێنێت کەلەهەمان کاتدا کارەبا دەدات بەخانووەکەی خۆی بەشێك لەباخەکانی بەردەمی ڕوناك دەکاتەوە

٢-ڕوبەرێکی زۆر لە زەوی تەخت کراو دەکاتە چیمەن و شوێنی حەوانە ئاوی پاك بەجۆگەلە دەباتە بەردەم شوێنی حەوانە

دوای ئەم کارانە خەڵکی سلێمانی لەساڵی ١٩٣٠ بەلێشاو ڕوو دەکەنە هاوینە هەواری سەرچنار بەخێزانی و بەسەڵتی بەپێی بیرەوەریەکان زۆربەی خێزان و پیشەوەرەکان بە سێ شەو ڕۆژ بەهاوینان ماونەتەوە زۆربەی خەڵك لەو سەردەمە ووتیانە

(سەرچنار قیبلەی سلێمانی یە ) لەکاتێکدا سەرچنار دەکەوێتە خۆرئاوای سلێمانی بەدوری پێنج کیلۆمەتر بەڵام ئەوەندە خۆشەویست و دڵگیر بووە خەڵك حسابی قیبلەی بۆ کردووە

عەشقی سەرچنار و خەڵکی سلێمانی لەسەر دەستی میرزا تۆفیق قەزاز دروست بوو کەبە لێبوردەیی خۆی هاوینە هەوارێکی بۆ خەڵکی شار دروست کرد بێ ئەوەی عانەیەکی قەڵب لەخەڵك وەربگرێت

بەداخەوە لەساڵی ١٩٥٥ میرزا تۆفیق قەزاز کۆچی دوایی کرد جوانترین شوێن دەستی بۆ خەڵکی شار بەجێ هێشت

تەنها قسەم بۆ ڕۆحی میرزا تۆفیق قەزاز
مەرگ و ژین میسلی باران و تاوە
ئەوەی باقی دەمێنێت هەر ناوە
تۆش ڕۆحت ئاسودە بێت ناوی خۆت و سەرچنارەکەت هەر باقی ماوە

چاوەڕوانی بەشی دووەم بن خوا یار بێت

نووسەر ; ئامانجی مامۆستاعمر

چاووگی زانیاریم بەڕێزان

١-سەربەست تۆفیق قەزاز

٢-موستەفا حەمە ڕەحیم

٣-ئەرشیفی کەناڵی کوردسات

تێبینی ; وێنە بچوکەکە ماڵی میرزا تۆفیقی قەزازە لەخانووەکەی خۆیان لەسەرچنار لەساڵی١٩٥٢ کەسێ کچی منداڵن یەکێکیان شەوبۆ میرزا تۆفیق قەزازە ئەوانەی تریش سنەوبەر خان و سەرگوڵ خانی خزمیانن

# شەوی یەڵدا، درێژترین شەوی ساڵ

شەوی یەڵدا (درێژترین شەوی ساڵ) دەکەوێتە کۆتا رۆژی وەرزی پایز و چوونە نێو کورت ترین رۆژی ساڵ، کە یەکەم رۆژی زستانە، بەپێی بەراورد بە ساڵی زایینی دەکەوێتە شەوی٢٠ لەسەر ٢١ی ١٢، ئەو میللەتانەی مەراسیمی شەوی یەڵدا ئەنجام دەدەن پشت بە ئەفسانەی لەدایك بوون یان نوێ بوونەوەی خۆر دەبەستن، بەپێی ئەو ئەفسانەیە خۆر لە ماوەی ئەوساڵەدا بڕستی لێبڕاوە و تیشك و توانای وزە بەخشینی کەمبۆتەوە.

شەوی یەڵدا یان شەوی یەکێکە لە جەژن و بۆنە مێژوویی و کۆنەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاوبەشە لە نێوان نەتەوەکانی هیند و ئاری و نەتەوەکانی تری میزۆپۆتامیا، دوایین شەوی پاییز یان مانگی سەرماوەز، لە نیوەی باکوری گۆی زەوی بە درێژترین شەوی ساڵ دادەنرێت، لە شەوی یەڵدا بە دواوە درێژایی شەو کەم دەبێت و ڕۆژەکان درێژتر دەبنەوە.

وشەی یەڵدا ریشەیەکی سریانییە هەیە بە واتای (لەدایکبوون) و (هاتنە دنیا)یە، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ لە دایکبوونی خۆر و ڕووناکی یان میترا. رۆمییەکان ئەو ڕۆژە بە (ناتالیس ئانایکتوس) یان (ڕۆژی لەدایکبوونی ڕوناکی) ناودەبەن. ئەبورەیحان بیرونی زانای بەناوبانگی ئێران وەك جەژنی (لەدایکبوونی مەزن) یان (میلاد اکبر) باسی لەو جەژنە کردووە ئەوەش هێمایەکە بۆ لەدایکبوونی خۆر و ڕوناکی.

شەوی یەڵدا وەك جەژنەکانی دیکەی ئاری رەگەزەکان کە کوردیش سەرچڵیانە، نەورۆز، چوارشەممەسووری و هتد.. نەریتێکی کۆنە و لە ناو کولتوور و ئەدەبی کوردییشدا رەنگی داوەتەوە، هەروەها بەشێکی زۆری هاوڵاتییان بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەک نەریتێکی کۆن ئەو شەوە لە دەوری یەک کۆدەبنەوە و بەڕازاندنەوەی سفرە و خوانیان شەوی یەڵدا بەڕێ دەکەن.


هاوکات ئەم شەوە ئەوەندە گرنگ بووە کە ڕێگا و جێگای خۆی لەناو شیعر و ئەدەبیاتیش کردووەتەوە و شاعیرانی کورد و فارس و نەتەوەکانی دیکە لەسەر ئەو شەوە شیعریان وتووە، لێرەدا شیعریکی شاعیری ناودار و ناسک هەستی کورد (نالی) وەک نمونە دێنینەوە:

شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو — کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو
دڵم وەک حاکمی مەعزووله قوربان — خەڵاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە ئەمشەو
دڵیش مایل بە دیدەی تۆیە بۆیە — لە من وەحشی و ڕەمیدە و دوورە ئەمشە


















# بۆ راگرتنی بۆردومانەکانی تورکیا ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەری داوای یەکدەنگی ئێزیدییەکان دەکا

عەمار عەزیز

دوای بۆردومانەکەی ئەم دواییەی تورکیا بۆ سەر ناحیەی سنونێ لەقەزای شەنگال، ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەری بۆ یەکدەنگی ئێزیدییەکان دوو رۆژ دەوامیان راگرت تا حکومەتی عێراقی بێتە دەنگ و بەفشارەکانیان بۆردومانەکان رابگیرێت.

ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەری لەنووسراوێکدا بۆ فەرمانگە و رێکخراوەکانی سنوری قەزای شەنگال، رۆژی یەکشەممەی رابردوو فەرمان دەکات بەڕاگرتنی دەوام، دوای دوو رۆژ بڕیارەکەیان هەڵوەشاندەوە.

فەهد حامد، قایمقامی قەزای شەنگال لەلێدوانێکدا بەهاوڵاتی وت " لەگەڵ راگرتنی دەوام نەبووم، چونکە فەرمانگەی حکومی بەبێ جیاوازی خزمەت بەهەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگی دەکات، رۆژێك تا دووان دۆخی ناوچەکە باش نەبوو ئەوەش بەهۆی ئەو شەڕو ئاڵوزیەی نێوان خەڵکی سڤیل و لەشکری عێراق، بەڵام ئێستا دۆخەکە زۆر ئارام و جێگیرە ".

فەهد حامد وتیشی:"تێناگەم کەی حکومەتی عێراق هەڵوێستی خۆی لەبارەی بۆردوومانکردنی تورکیا بۆ سەر شەنگال ئاشکرا دەکات، لەکاتێکدا ئەوان باس لەسەروەری عێراق دەکەن کەچی تورکیا بە ئارەزووی خۆی ناوچەکانمان بۆردومان دەکات، خەڵك تا کەی چاوەڕێی عێراق بکات تا هەڵوێست لەدژی تورکیا وەربگرێت، دڵی دەیان دایك و باوك سووتاوە، منداڵیان بێ باوك هێشتەوە".

"موئامەرە لەسەر شەنگال بەردەوامە، هەر جارێك بەناوێك و شتێك کێشە بۆ خەڵك دروست دەکەن، وەکو ئەوەی رێککەوتنی بەغداو هەولێر کە بۆ زانیاری هەموو لایەك لەدوای رێککەوتنەکە رێژەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان زۆر کەمبووەتەوە، لەجیاتی ئەوەی خزمەت بەخەڵك بکەن دژایەتییان دەکەن" فەهد حامد وادەڵێت.

هەروەها خودێدا ئەلیاس، لێپرسراوی ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەری لەشەنگال لەلێدوانێکدا بەهاوڵاتی وت: "12ی کانونی یەکەم بڕیاری راگرتنی دەوامامان دەرکرد، ئەوەش لەپێناو ئەوەی یەکدەنگی و یەکڕیزی ئێزیدییەکان و تەواوی خەڵکی شەنگال دروست بکەین لەبەرامبەر بێهەڵوێستی حکومەتی عێراق لەسەر بەردەوامی بۆردومانکردنی شەنگال لەلایەن تورکیاوە".

ناوبراو ئەوەشی دووپاتکردەوە کەهەرگیز نایانەوێت کێشە بۆ خەڵك دروست بکەن یان دەوامی خەڵك بوەستێنین، وتیشی:" خۆپیشاندانمان کرد ئەنجامی نەبوو، وتمان با ئەو کارە بکەین تا چارەسەرێکی بنەڕەتی و ریشەیی بۆ پرسی بۆردومانکردن بدۆزینەوە ".

خودێدا ئەلیاس وتیشی: "دوای ئەو گرژیی و شەڕەی نێوان خەڵکی سڤیل و لەشکری عێراق دروستبوو، بەرپرسانی ئێمە قسەیان لەگەڵ حکومەتی عێراق کردووە، هێشتا نەگەیشتوونەتە رێککەوتن، دوێنێ 14ی کانونی یەکەم نووسراوێکمان ئاراستەی هەموو فەرمانگەو رێکخراوەکان کردووە کە دەست بەدەوامی خۆتان بکەنەوە".

جێگری پارێزگاری نەینەوا بۆ کاروباری ئاوارەکان دەڵێت ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەری شەنگال مافی ئەوەیان نییە دەوام رابگرن.

عەلی گەعبۆ، جێگری پارێزگاری نەینەوا بۆ کاروباری ئاوارەکان و رێکخراوەکان لەلێدوانێکدا بەهاوڵاتی وت: "هەر لەکاتی دەرچوونی بڕیارەکەی ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەری، داوامان لەدەزگا ئەمنیەکان کرد هێز لەبەردەم فەرمانگەکان جێگیر بکەن تا هیچ کەس و لایەنێك نەتوانێت دەوامی فەرمانگەکان رابگرێت".

عەلی گەعبۆ ئەوەشی روونکردەوە کەهەموو فەرمانگە حکومییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی دەوامی خۆیان دەکەن، ئەگەر بەتەواوی دڵنیابوونەوە لەدۆخی ئەمنی شارەکە ئەوا ئەوکات ئەو هێزەی کە پێشتر لەبەردەم فەرمانگە حکومییەکان جێگیرکرابوون، لادەبرێن.

# دووربینیی ڕۆناڵد ڕێگن، کورتبینیی مارگرێت تاتچەر

د.هاوری عەزیز مەنسور بەگ

٤٠ ساڵ بەر لە ئێستا، کاتێك ئەوروپاییەکان ڕێککەوتننامەی دروستکردنی لوولەی گازی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان بۆ گواستنەوەی گازی رووسیا لە (سیبیریا)وە بۆ ئەوروپا واژۆ کرد، ڕۆناڵد ریگن بە توندترین شێوە بەرەنگاری فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا بووەوە.

سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا، بۆ ڕێگەگرتن لە راکێشانی لوولەی گواستنەوەی گازی سروشتیی رووسی بۆ ئەوروپا، گەمارۆیەکی ئابووری و تەکنۆلۆجی بەرفراوانی خستە سەر ئەو کۆمپانیایانەی ئەرکی دروستکردنی لوولە گازەکەیان لە ئەستۆ گرتبوو.

نێوانی ئەمریکا و ئەوروپا هێندە ئاڵۆزی بەخۆیەوە بینی کە مارگرێت تاتچەری سەرۆك وەزیرانی ئەو سەردەمەی بەریتانیای ناچارکرد لە ساڵی 1982 لە دیدارێکدا لەگەڵ تۆڕی BBC بڵێت: "ئێمە بە سەختی لەلایەن یەکێك لە هاوپەیمانەکانمانەوە بریندارکراوین". مەبەستی مارگرێت تاتچەر سزا سەختەکانی سەرۆك رێگن بوو بۆ سەر ئەوروپا.

ریگن چەندین هۆکاری هەبوو بۆ ئەوەی بەرەنگاری پڕۆژەی گواستنەوەی گازی رووسی بۆ ئەوروپا بێتەوە. یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەبوو کە ئەوروپا نابێت پشت بە نەیارێکی گەورەی وەك رووسیا ببەستێ بۆ دابینکردنی وزە.

ریگن ئەوکات هۆشداری دا کە ئەوروپا دەبێتە بارمتەی دەستی رووسیا، هەرکاتێکیش رووسیا بیەوێت، دەتوانێت ئەوروپا بۆ سازشکردن لەسەر پێشهاتە چاوەڕواننەکراوەکان ملکەچ بکات.

ئێستا سەرۆکی رووسیا، فلادیمێر پوتین، دوای ٤٠ ساڵ لە پێشبینییەکەی سەرۆک رێگن، لە ڕێگای پڕۆژەی (Nord Stream 2) دەیەوێت گازی سروشتی بگەیەنێتە ئەڵمانیا. لوولەکە لە ڕووسیاوە بەرەوە ئەڵمانیاوە دێت و بە ژێر دەریای بەلتیقدا تێدەپەڕێت، لە هەمووشی گرینگتر بۆ ڕوسیا ئەوەیە کە لوولەی گازەکە، وەک ئەوەی پێشوو، بە ناو خاکی ئۆکرانیادا تێناپەڕێت.

وا پێدەچێت پرۆژەی (Nord Stream 2) پلانی پێشوەختەی مۆسکۆ بێت بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا!! لە ئەگەری بەرپابوونی جەنگ، ڕووسیا دەیوێت هەر بەردەوام بێت لە فرۆشتنی گاز بە ئەوڕوپا و لوولەی گازیش نەکەوێتە ژێر هێرشی سوپای ئۆکرانیا، ئەوڕوپاییەکان لەبەر هۆکاری وابەستەییان بە گازی سروشتی ڕووسیا، چاوپۆشی لەو داگیرکردنە بکەن.

ئێستا ئەوڕوپاییەکان لە خەوێکی قووڵی ٤٠ ساڵە ڕاچەڵەکیون، مۆسکۆ، ئۆکرانیا داگیر بکات، یەکێتی ئەوڕوپا ڕاستەوخۆ دەبێتە دراوسێی ئەو دێوەزمەیەی کە لە جیهان پێی دەگوترێت ڕووسیا.

هەر بۆ دەستەمۆکردنی ئەوڕوپاییەکان و دەمکوتکردنیان کە چاوپۆشی لە سیاسەتی فراوانخوازی مۆسکۆ بکەن، ڕووسیا خەریکی هاندانی بەلەڕوسە لە ڕێگای بە لێشاو ناردنی کۆچبەران بۆ ئەوڕوپا و سەرقاڵکردنیان بە کێشەیەکی لاوەکی، لە پشت پەردەی ئەو کێشە لاوەکییە، مۆسکۆ خەریکی ئامادەکارییە بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا و لەرزاندنی عەرشی یەکێتی ئەوڕوپا.




## سەرۆکەکانی ئەمریکا دوای دەرچوون لە کۆشکی سپی چۆن پارە پەیدا دەکەن؟

"زەمەن"

بەگوێرەی ماڵپەڕی بیزنس ئینسایدەر، موچەی ساڵانەی سەرۆکی ئەمریکا، جگە لە دابینکردنی پارەی مانەوە و گەشتەکانی، نزیکەی ٤٠٠ هەزار دۆلارە، بەڵام زۆرێک دەپرسن پاش دەرچوونیان لە کۆشکی سپی، چۆن پارە پەیدادەکەن؟

بە گوێرەی ماڵپەڕی مونی ئەمریکی، لە ئێستادا هەریەک لە باراک ئۆباما و جۆرج بۆشی کوڕ و بیلّ کلینتۆن، سەرەڕای جێهێشتنی کۆشکی سپی و تەواوبوونی وادەی سەرۆکایەتییەکانیان بەڵام مانگانە بڕی ٢١٠ هەزار و ٧٠٠ دۆلار وەردەگرن.

جگە لە موچە چەند سەرچاوەیەکی دیکەی پارە پەیداکردنیان هەیە وەکو وتاردانی گشتی، بەگوێرەی ماڵپەڕی لۆس ئەنجلس تایمز، لەبەرامبەر پێشکەشکردنی وتارێکدا، ئۆباما ٤٠٠ هەزار دۆلار وەردەگرێت و هەریەک لە کلینتۆن و بوشیش لە نێوان ٢٠٠ بۆ ٧٠٠ هەزار دۆلار وەردەگرن.


هاوکات، گرێبەست و بڵاوکردنەوەی کتێبەکانیان یەکێکی دیکەیە لە سەرچاوەی داهاتی سەرۆکەکانی پێشووی ئەمریکا و بەپێی ماڵپەڕی فاینانشاڵ تایمز، لە ساڵی ٢٠١٧دا باراک و مێشل ئۆبۆما پێکەوە گرێبەستێکیان بۆ کتێبی "Penguin Random House" بەبڕی زیاتر لە ٦٠ ملیۆن دۆلار واژۆکردووە.



## بۆچی میدالیای ڕێزلێنانەکەی بەخشی بە ڕۆژنامەفرۆشەکە؟

گەورە ڕاوێژکاری نەخۆشیەکانی دڵ لە نەخۆشخانەی پاشایی لەندەن دکتۆری بەناوبانگ ( ضیاء کمال الدین ) دوای ١٥ ساڵ گەڕایەوە وولاتەکەی و لە قاهیرە ئاهەنگێکی ڕێزلێنانیان بۆ ڕێک خست لە هۆڵێک دا ...
ئەڵێ :
کاتێک چووم بۆ ئاهەنگەکە نزیک بومەوەلە هۆڵەکە و لە بەردەم هۆڵەکەدا دیمەنی ئەو پیاوە پیرە کە ڕۆژنامەکانی لەکەنار جادەکە دانابوو بۆ فرۆشتن تووشی شۆکی کردم و چاوم داخست و گەڕانێکم کرد لە مێشک و بیروهۆشی خۆما یەکسەر ئەو پیاوە پیرەم بیرهاتەوەو تووشی شۆکی کردم ، بەڵام هەرچۆنێک بوو خۆم گەیاندە هۆڵەکەو بەبێ دەنگی دانیشتم بەڵام بیروهۆشم هەر لای پیاوە پیرە ڕۆژنامە فرۆشەکە بوو ...
کاتێک بانگ کرام بۆ ڕێزلێنان و وەرگرتنی خەڵاتەکەم ، لە شوێنەکەی خۆم هەستام بەڵام نەک بۆ سەر مەنەصەکە بەڵکو بۆ دەرەوەی هۆڵەکەو ئامادەبووان سەریان سوڕماو تووشی شۆک بوون ، نزیک بومەوە لە پیاوە پیرە ڕۆژنامەنوسەکەو دەستیم گرت و ڕامکێشا بەرەو هۆڵەکە و پیاوە پیرەکە پێی ووتم : تکایە لێت ئەپاڕێمەوە وازم لێ بێنە من سەرپەرشتی خێزانێک ئەکەم پەیمانت پێ ئەدەم کە ئەو شوێنە چۆڵ بکەم و جارێکی تر ڕۆژنامەکان لەویا دانەنێم ..؟!.
منیش بەدڵی پڕو نیمچەگریانێکەوە وەڵامم دایەوە :
تۆ هەرگیز نابێت ڕۆژنامە نە لەویا نە لەهیچ شوێنێک دابنێی جارێکی تر بەڵام تکات لێ ئەکەم وەرە با بچینە ژوورەوە بۆ ناو هۆڵەکە ..؟.
بەوشێوە پیاوە پیرە ڕۆژنامە فرۆشەکە هەوڵ ئەدات خۆی دەرباز بکات و منیش دەستم گرتووەو ڕایئەکێشم بەدوای خۆمدا بۆناو هۆڵەکە ، پیاوە پیرەکە کاتێک بینی فرمێسک بەچاوەکانمدا دێنە خوارەوە وازی هێنا لە بەرگری کردن خۆی دایە دەست ڕاکێشانەکانی من و پێی ووتم :
چیتە کوڕم بۆ وازم لێناهێنی ... ؟؟؟ !!! .
هیچ قسەیەکم نەکرد بەردەوام بووم لەڕۆیشتن و توند دەستیم گرتبوو و هەمووان سەیریان ئەکردین و سەریان سوڕمابوو تاگەیشتینە سەر مەنەصەکەو ، خۆمم پێ نەگیرا بەکوڵ دەستم کرد بەگریان و باوەشم کرد بە پیاوە پیرە ڕۆژنامە فرۆشەکەداو سەری و دەستیم ماچ کردو پێم ووت :
مامۆستا ( خلیل ) من ناناسیت ... ؟!.
ڕۆژنامەفرۆشەکە ووتی : نەوەڵا کوڕم چاوەکانم کزبوون ناتناسم ...
فرمێسکەکانم سڕی و ووتم :
من قوتابیەکەی خۆتم ( ضیاء کمال الدین ) م لە ناوەندی نامناسیتەوە ، ئەها هەمیشە لە یەکەمەکان بووم و بەردەوام تۆ پشتگیر و هاندەرم بوویت وئاگاداریت ئەکردم لەساڵەکانی ١٩٦٦ مامۆستای بەڕێزم .... !!! .
پیاوە ڕۆژنامە فرۆشەکە سەیرێکی کردوو لەباوەشی کردم ، ئینجا خەڵاتەکەم وەرگرت و کردمە ملی مامۆستاو بە ئامادەبووانم ووت :
ئەوانە شایانی ڕێزگرتنن ... واللە ونبوون و دواکەوتوویی و نەزانینمان هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو پیاوانەمان پشتگوێ خستووەو بەوشێوە زەلیل کراون و مافەکانیان خوراوەو پشتگوێیان خستون و هیچ ڕێزو شکۆیەکیان نەماوە کە شایەن بە پلەو خزمەت و پەیامەکەیان بێت ...

**عوسمان عومەر**




## لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگ و ئێرشادەوە سنە وەک حەوتەمین پێتەختی کتێبی ئێران دەستنیشانکرا

بە پێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵی میهر، لە ڕێورەسمێک دا بە بەشداریی وەزیری فەرهەنگ و ئێرشاد، سنە وەکوو حەوتەمین پێتەختی کتێبی ئێران ناسێندرا.


محەمەد مەخدوومی بەڕێوەبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکان وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە، وتی: هەڵبژاردنی سنە وەکوو پێتەختی کتێبی ئێران بە هۆی وەرێخستنی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی گەشەی کتێب خوێنی، کەڵک وەرگرتن لە پتانسێلە فەرهەنگییەکان و داهێنانی نوێ لەم بوارە بووە.

ئەو وتیشی: هەڵبژاردنی سنە وەکوو پێتەختی کتێبی ئێران هەواڵێکی دڵخۆشکەرە و بەرپرسیاریەتی چالاکانی ئەم بوارە بە تایبەت لە بەشی کتێب و کتێب خوێندن زۆرتر دەکات.

**لە سەحەر وەرگیراوە**



# کۆمپانیای سامسۆنگی کۆری وحەوزەی قومی شیعە وئەزهەری سوننە




لەکۆمپانیای سامسۆنگ ٧٠ هەزار ئەندازیار لەبەشی لێکۆلینەوە وگەشەکردن وداهێنان کاردەکەن..
لەقوم وئەزهەر ٧٠ هەزار بانگخوازی شیعەو سوننە خەڵک فێری رق وبەکافرداناانی یەکتری
ئەندازیارانی کۆمپانیای سامسۆنگ ٧٣٠٠ داهێنانیان پێشکەش مرۆڤایەتی کردوە بەگشتی...
بانگخوازانی قوم وئەزهەر لەساڵێک دا یەک ملیۆن و٦٥٠ هەزار وتاری هەینی یان پێشکەش کردوە کەباسی عەزابی قەبرو کۆتایی دونیا وبەهەشت وحۆری ئەوەی لەگەلی نەبوبێ داوایان لەخودا کردوە لەناوی ببات وئەشکنجەی دوا ڕۆژیان بۆخواستوە... سێ ملیۆن ٣٦٠ هەزارجار بەتێکرایی وانەیەک لەهەفتەیەک دا باسی ژن وسەرتاشین وبەرتاشین وچۆنیەتی چونەحەمام بەقاچی ڕاست وبیسمیلا کردن لەکاتی ڕشتنی ئاوی گەرم وهاندان بۆ بالا پۆشی ونەفرەت لەسفوری و...هتد دوو ملیارو ٥٥٥ ملیۆن جار سەلەوات لەپەیامبەر دراوە بەتێکرای سەدجار لەرۆژێک دا جگە لەنزاو تەزبیحات کەهیچی بەشوێنی خۆی ناگات چ موسلمان وغەیرە موسڵمان چ سودێکی پێگەیشتوە یا بینیوە
کۆمپانیای سامسۆنگ ٤٣٥ ملیۆن دۆلاری وەک هاوکاری بۆ بواری پەروەردەو تەندروستی وکۆمەڵگا خەرج کردوە کەچی ئەوانی لای خۆمان جگە لەدەست پانکردنەوە لەحکومەت دوای زەکات وسەرفیترەش دەکەن...
لە قوم وئەزهەر بەملیار دۆلار سەرف دەکەن بۆ لەئالتون گرتنی قوبەو منارەی مزگەوت وحوسێنیەکان ومەزاری فلان وفیسارونۆژەنکردنەوەی مزگەوت وبنیات نانی نوێتر وەک ئەوەی خۆمان کەممان هەبێ وژمارەیان لەقوتابخانەکان زیاتر نەبێ.. کەچی هاووڵاتیانیش دەناڵێنن بەدەردی گرانی وگرانی دەرمان ودکتۆر نەخۆشخانەو بێ کوالیتی دەرمان وتەنانەت گەر یەکێ لەنەخۆشخانەکانیان بمرێ داوای پارەی ئەوەشی لێدەکەن .
ڕەنگبێ هەندێکتان پێبکەنێ وهەندێکیش شمشێرەکەی تیژکات وبسوێ وهەندێکیش گوێی پێنادا وهەندێکیش دژیەتی ئەوانەی خراونەتە ڕوو ڕاستین و خەڵک پێویستە لێی تێبگا وئەوەش بزانن هی بیرکردنەوەی هزر نییە بەڵکو ڕاستیە وتەنانەت ناياشیانەوێ گوێشی لێ بگرن یا بیخوێننەوە لێی ڕادەکەن وخۆی لێدەشارنەوە ئەوەش کەلتورێکە بۆمان ماوەتەوە هەرلەکۆنەوە وا پەروەردەکراوین خۆمان لەڕاستی بشارینەوە...یا دەبێ بڵێین استغفروڵا وخودایە بەقسەی ئەو لەرێ لادەرەمان لەگەڵێ نەکەی ... ڕەنگە بشڵێن سودی ئەو کارانەی سامسۆنگ وئەوانی دیکە بۆ گۆڕو ڕۆژی حەشر وزیندوبونەوەو پەرینەوە لەسەر ئەو پردی سیراتەی کەباسی دەکەن کەلەموو باریکترەو لەتیخ تیژتر وپرسیاری نەکیرومونکەر،هانێ شمشێرەکانتان بگرن تیژی بکەن وبیسونەوە وبۆ سەربڕین وملپەڕاندنی خەڵک تاقی بکەنەوە وخۆتان بۆمبرێژی پشتێن بکەن وخۆتان بتەقێننەوە گەمژەیە ئەوکارە دەکات وخۆتان لەدوورەوە پێی پێدەکەنن والله اکبر دەکەن داوای حۆری بۆ دەکەن .
ئائەوەیە داهێنانی ئێوە...جاچۆن هەزاران هەزار سڵاوات لەکۆمپانیای سامسۆنگی مەزن و داهێنانە جوانەکانی لێنەدەم نەفرەتیش لەملپەڕاندن وخۆتەقاندنەوە وگەمژەکردنی خەڵک لە ئێوە نەکەم.




بەرچەکردن بەهەندێ دەستکاریەوە
عوسمان عومەر
١٥ی دیسەمبەری ٢٠٢١
وەرگیراوە لە
kawalees. net..
تحقيق بقلم: الخبير البيئى اسعد رشيدي

# بەنداوی ئیلیسو، ژیانکوژی هێمنی ئێران و عێراق

## د. هەردی مەهدی میکە ( تایبەت بە درەو دەینوسێت)

جیا لە کێشە ئاسایشی، سیاسیی و مەزهەبییەکانیان، کێشەی سیاسەت و چۆنێتی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانیشیان لەپەرەسەندندایە، دواجار سەرەڕای نارەزاییە ژێرلێوییەکانی تاران و بەغدا، ئەنکەرە کاری خۆی تەواو کرد و هەفتەی ڕابردوو بەنداوی ئیلیسوی لەسەر خاکی کوردستانی تورکیا خستەگەڕ. گەرچی سەرچاوە ئاوییەکانی و بەنداو و ڕێڕەوەکانی ئەم کێشەیە لە خاکی کوردستانی باکوورەوە(تورکیا) دەست پێدەکات و هەر بە خاکی کوردستانی ڕۆژهەلات (ئێران) و کوردستانی باشووردا (عێراق) تێدەپەڕێت و یەکەمین بەرکەوتە و زۆرترینی شوێنەوارە نەرێنییەکانی لەم خاکە بێدەوڵەتەدا جێدەهێڵێت، دیارە لەم دۆسیەیەدا ئەوەی بێدەنگترین و پاسیڤ بێت هەرێم و هێزە کوردستانییەکانی ئەو پارچانەی دیکەن! وەک دەریش دەکەوێت یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکان و دینەمۆی پێکدادانی هەرێمایەتیی ئایندەیی وڵاتانی ناوچەکە، شێوازی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانە لەبری ئەو ململانێ باوەی کە لەڕابردوودا لەسەر سەرچاوەکانی دیکەی وزە بوو. ئەم هەنگاوەی تورکیا لەسیاسەتی ئاوییدا دوور نییە بیکاتە هێزی تاقانە و پۆلیسی نوێی هەرێمایەتی و ئاراستەکاری جڵەوی وڵاتانی ناوچەکە.

تورکیا لە ساڵی ١٩٩٢دا، بە خستنەگەڕی پرۆژەی بەنداوی ئەتاتورک لەسەر ڕووباری فورات، کە تواناکەی بەتەنها بەرامبەر ٦٥٠ بەنداوی ئێرانییە! بووە هۆی پیسبوونی ژینگە و زیادبوونی خۆڵبارین و تۆز و غوبارێکی بێ وێنە لە ئێراندا و دیاردەی بە بیابانبوونی لە هەندێ ناوچەی عێراقیشدا کردە خەڵاتی دانیشتووانەکەی. ئێستاش وا بەنداوی ئیلیسوی لەسەر ڕووباری دیجلە کردەوە و نزیکەی ٦٠%ی ئاوی ڕووبارەکە کەم دەکات. (بڕوانە: رضا رحیمی، ٢٠١٦: اگر ساخت سد ایلیسو ترکیه به پایان برسد، کار همه ما تمام است!: ( https://bit.ly/3qNYipJ

بێدەنگی کورد ڕەنگە لەبەر بێ کیانی و لاوازیی و ناهاوتایی بالانسی هێزی بێت لەگەڵ دراوسێکانیدا، بەڵام بێ توانایی و نیمچە بێدەنگی تاران و بەغدا مایەی سەرسوڕمانی شارەزایان و خەمخۆرانی ژینگە و خەڵکی ئەو دوو وڵاتەن لە ئاست ئەنکەرەدا و کە لە بەنێودەوڵەتی کردنی ئەو پرسەدا و بەدادگا گەیاندنی تورکیادا حکومەتەکانیان کەمتەرخەمییان نواند. لەکاتێکدا ئاوی دیجلە و فورات، لە ڕووی یاسا نێودەولەتییەکانەوە بە ئاوە هەرێمییەکان هەژمار دەکرێن نەک ئاوی دەوڵەتی، بەو پێیەی ڕێڕەوەکەی بە دوو وڵات زیاتردا تێدەپەڕێت بە ئاوێکی هەرێمی دادەنرێت و دەکرێت دەزگا و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کاریگەری هەر لەسەرەتاوە لەسەر بهێنرایەتە دەنگ. ئەمە نەک ئێستا، دەبوو هەر ئانی ئەندازەگیری و پلانە سەرەتاییەکانی راگەیاندنی پرۆژەکەدا لەلایەن تورکیاوە بکرایە، کە نەکرا و ئەویش کاری خۆی کرد و چیتر نەیارانی دەبێت وەک واقیع لەسەر مێزی دانوستاندن لێدوانی لەسەر بدەن.




### ئیلیسو بۆ کوردستان و ناوچەکە چی لێدەکەوێتەوە؟

بەنداوی ئیلیسو (Ilisu Baraji)، لەسەر ناوجەکانی دارگچیتی سەر بە پارێزگای ماردینی باکووری کوردستان (تورکیا) دروستکرا و ساڵی دەستپێکی گلدانەوەی ئاوی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠١٨ و ساڵی تەواوبوونی یەکجاریی پرۆژەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٢١/١١/٨ و توانای گلدانەوەی دە ملیار و شەشصەد ملیۆن (١٠،٦٠٠،٠٠٠،٠٠٠)مەتر موکەعەب ئاوی هەیە. ئەم بەنداوە لەسەر ڕووباری دیجلە سازکراوە و نزیکەی ٦٠%ی ئاوی دیجلە (کۆڵەکەی ژیان و شارستانییەتی عێراق) بۆ عێراق کەمدەکاتەوە و هەر بەو ئاراستەیەش لەبەرئەوەی بەدرێژایی ڕەوتەکەی دەبێتە هۆی لاوازکردنی دیجلە، دەبێتە هۆی وشکبوونی حەوزی هۆری مەزن (هور العظیم)ی ئێران و وشکبوون و بە بیابانبوونی ئەو هەرێمە بەرفراوانەی لێ دەکەوێتەوە و زیانەکەی بەر دانیشتووانی هەریەک پارێزگاکانی ئەحواز (خوزستان)، عیلام، بوشەهر و بویرئەحمەد، دەکەوێت(بڕوانە: حمید رضا رمضانی٢٠٢١: دولت ترکیه در سودای ژاندارمی منطقه٢٠٢١، https://bit.ly/3oHS73R ) لەوێشدا دیسان هەر ناوچە کوردستانییەکان و عەرەبییەکان کە پێکهاتەی فەرامۆشکراوی دەوڵەتی ناوەندیین، زیانباری سەرەکین.




بۆ کوردستان وەک خاک و شوناس و مێژوو، زیانەکانی چەند بەرامبەرن، هەم لەڕووی مێژوویییەوە ئاسەواری شارستانییەتی هەزارانساڵەی حەسەنکێفی مێژوویی هەڵدەگێڕێتەوە کە ناوچەی سەرەکی بونیادنانی بەنداوەکەیە و بۆ ڕەوتی ژیانیش چەندین لادێ و ناوچەی دانیشتووانی ڕووبەڕووی زیان دەکاتەوە. بەدرێژایی ڕووباری دیجلەش لێکەوتەکانی بەنداوەکەش زیان دەگەیەنێت بە ناوچەکوردستانییەکان لە هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران. بۆیە لە سەرچاوەوە چ وەک زیانی مرۆیی و ژینگەیی چ وەک شوناس و خاک، کورد لە هەرسێ وڵات بەرکەوتەی شوێنەوارەکانی بەنداوی ئیلیسو دەبن.

نیگەرانییە ژینگەییە ئایندەییەکان لە عێراق و ئێران

ئەوەی بە وردی دەتوانرێت لەبەرچاو بگیرێت لە لێکەوتەکانی سیاسەتی ئاوی تورکیا بە گشتی و بەنداوی ئیلیسو بەتایبەت لەسەر هەردوو وڵات دەکرێت لەم خاڵانەدا کورت بکرێنەوە:

١. مەترسییەکانی لەسەر عێراق:
- کەمبوونەوەی لانیکەم ٥٠%ی پشکی ئاوی عێراق لەو سەرچاوەیە.
- سەرهەڵدانی قەیرانی وشکەساڵیی توند.
- زیانگەیاندن بە کشتوکاڵ و ژینگە.
- خێراکردنی جەنگی گریمانەکراوی ئاویی هەرێمایەتی.
- وشکبوونی لەسەرخۆی ڕووباری دیجلە.

٢. مەترسیەکانی لەسەر ئێران:
- وشکبوونی تەواوەتی زەلکاوە بەپیتەکانی "هور العظیم".
- کێشەدروستکردن بۆ ژیانی ئاسایی خەڵکی ٢٣ پارێزگا.
- بڵاوبوونەوەی زیاتری خۆڵبارین و تۆز و غوبار لەسەرانسەری وڵاتدا.
- پەرەسەندنی قەیرانی وشکەساڵی لە باشووری ئێراندا.
- بەرزبوونەوەی ڕێژەی کۆچ بە هۆی قەیرانە ژینگەییەکان. (بڕوانە: اعتماد اونلاین٢٠٢١: سد ایلیسو ترکیه چه اثراتی خواهد داشت؟ (https://bit.ly/3FfDTxp




وا دەردەکەوێت، جیا لە بەهێزبوونی هەژموونە سەربازییەکەی و بە وردبوونەوە لە مێژووی ٣١ ساڵی ڕابردووی ناوچەکە، تورکیا براوەی یەکەمی ئەو ئاڵۆزیانەیە کە ڕووبەڕووی وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەت عێراق و سوریا و ئێران بوونەتەوە، وەک دەرکەوت لە جەنگی کوەیت و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و هەرێم، بەنداوی مەزنی ئەتاتورکی جێبەجێکرد و لە پاش ٢٠٠٣شەوە بەهۆی سەرقاڵی و لاوازبوونی عێراقەوە و سەرگەرمی وڵاتانی زلهێز بە دۆسێکەوە، بە سیاسەتە ئاوییەکانی و کردنەوەی ڕێڕەوە نوێکانی لە ئاو و بازرگانی و وزەدا دیسانەوە قازانجی خۆی کرد، لە ئانوساتی دەرکەوتنی تیرۆر و داعش و کاردانەوەکانی لەسەر ناوچەکە ئەو لە پەلهاوێژییە ستراتیژییەکانی و هەژموونی خۆی نەکەوت و هەلەکەی قۆستەوە و دوایین بەرهەمیشی بەهۆی لاوازی و قەیرانەکانی وڵاتانی ناوچەکە، دیسان تورکیا لەپەناوە بە سێ ساڵ بەنداوی ئیلیسوی لە بەرژەوەندی خۆی یەکلاکردەوە و ئایندەیەکی نادیاری ژینگەیی و مرۆیی و ئابووریشیی کردە دیاری بۆ دراوسێکانی.

# قوبادی جەلیزادە

تێکستی نوێ- سێ
(قوربانیی)

یەکەم موزیکژەن کورد بوو.
یەکەم سترانبێژ.
یەکەم نیگارکێش.
یەکەم چێنەر.
یەکەم بەردنوس.
یەکەم گوند نشین.
یەکەم گوڵەگەنم.
یەکەم باران.
یەکەم پەلکەزێڕینە.
یەکەم بنووس.
یەکەم یەکتاپەرست کورد بوو.

یەکەم ژن کەخۆی سووتاند ،کورد بوو
یەکەم پیاو کە کوژرا، کورد بوو
یەکەم کۆتر کەسەربڕا، کورد بوو
یەکەم بنە زەیتوون وشک کرا ،کورد بوو
یەکەم ئەستێرە دارژا، کورد بوو
یەکەم درەخت بڕایەوە، کورد بوو
یەکەم کانی کە چک کرا، کورد بوو
یەکەم گوند کە وێرانکرا ،کورد بوو
یەکەم تەمبوور کە سوتێنرا ،کورد بوو
یەکەم زمان کە قرتێنرا، کورد بوو
یەکەم خوداناس کە کوێر کرا، کورد بوو.
دوا ژنیش کەخۆی دەسووتێنێ کوردە..
دووا پیاو.
دوا کۆتر.
دوا لکەزەیتوون.
دوا ئەستێرە.
دوا درەخت.
دوا کانی.
دوا تەمبوور.
دوا شێوەکار.
دوا باران.
دوا گوڵەگەنم.
دوا پەلکەزێڕینە.
دوا بەردنوس.
دوا باخەوان.
دوا گوند.
دوا خوداناس.
دوا زمان کە دەقرتێ کوردە.

لێ،
هێشتا ،
پەرستگامان چۆڵ نەکردووە.
هێشتا،





هەر لەسەر بەرماڵین.
هێشتا،
دەستمان بەرنەداوە لە تەسبیح و سیواک.

هێشتا،
هەر دایکم ڕوو دەکاتە ئاسمان و دەڵێ؛
خودایە خۆت سەرووەری.
خودایە خۆت بڕیاردەری.
خودایە زۆر شوکر.
زۆر شوکر خودای من!!
-------------------
تابلۆ: ئاغالەی گەورە

# کورد و بەڵگەنامەیەکی گرنگی حاشاهەڵنەگر

## پێشەکی


ئەمە دەقی ئەو بەڵگەنامەیەیە، بەڕێز (شەریف عەلی) خوێندکاری دوکتۆرا لە (بریتانیا)دا، نووسیوێتی: (پوختەی دیدی دبلۆماتکارە بریتانییەکان لە بەرایی سێ بەڵگەنامەدا، تا ساڵی 1982 ئاوایە بەرانبەر بە کورد.)
منیش بە پێویستم زانی، دەقی بەڵگەنامەکە بەجیا بڵاوکەمەوە و هیچ جۆرە کۆمێنتێکیشی لەسەر نەنووسم، چونکە بەڵگەنامەکە، خۆی هاواردەکا! بەڵام دەسکاری ڕێنووسەکەیم کردووە، نیشانەکانی خاڵبەندیم بۆ زیادکردووە و وشە عەرەبییەکانیشم کردووە بە کوردی.
دەقی بەڵگەنامەکە
(کوردەکان حەوسەڵە و وزەیەکی سەیریان لە دژایەتیکردنی یەکتردا هەیە، بە جۆرێکە، کە هەرگیز لە شەڕکردن لەگەڵ یەکتر ماندوونابن.
کورد گەلێکن، هیچ تایبەتمەندییەکیان، لە نەتەوەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ناچێت. کوردەکان مەتەڵێکی واقیعین: هەمیشە لەناوخۆیاندا شەڕیانە و هەرگیزیش لەناوناچن.
لە ڕووی ڕامیارییەوە، سەرکردەکانی کورد بەئاسانیی، دەرفەت لەدەستدەدەن. بەڵام پاش چەندین ساڵ، کە خۆیان دەرفەتەکەیان لەدەستداوە. ئینجا گللەیی لە دەوڵەتی خاوەنشکۆی شانشینی بەریتانیا دەکەن، کە بۆچی دەرفەتەکەیان لەدەستداوە. سەرکردەکانی کورد بەرپرسیارێتی لەدەستدانی دەرفەت و هەڵە مێژوویییەکانیان، ناخەنە ئەستۆی خۆیان و هەوڵدەدەن، بیخەنە ئەستۆی لایەنی تر. ئەوان کە دەرفەت لەدەستدەدەن، درەنگ بەئاگادێنەوە. کاتێك بەئاگادێنەوە، کە دەمێکە دەرفەتەکەیان لەکیسچووە.
کوردەکان تەنیا نەتەوەی زۆر کۆنی ئەم سەر زەوییەن، کە مابنەوە و بە مافەکانیان نەگەیشتبن. لەناوخۆیاندا بۆ گیانی یەکتر زۆر توندوتیژن.
کوردەکان گەلێکن لە قۆناغی مەڕلەوەڕاندن تێپەڕیوون و لە سەرەتای قۆناغی شارنشین دان.
یەکێك لە تایبەتمەندییە سەیرەکانی ئەم گەلە ئەوەیە: ئامادەن لەسەر ئەوەی، کاتێك ئاژەڵی یەکێکیان دەچێتە ناو لەوەڕگەی ئەوی تریانەوە، چەندین کەس لە یەکتر بکوژن. کەچی لە هەمان کاتدا، هێندەی ئەوە بایەخ بەوە نادەن، کە خاکەکەیان هەمووی بووەتە موڵکی نەتەوەکانی دراوسێیان، فەرمانڕەواییاندەکەن و باجیان لێ دەسەنن!
بنچینەی یەکنەگرتوویی کوردەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە: بە شارنشین و خوێندەوار و لادێیانەوە، هێشتا لە شێوەی خێڵ و خێڵەکیی تێپەڕنەبوون. هەموو ئەو کوردانەی، کە لە لادێکاندا دەژین و ئەوانەشیان، کە لە قۆناغی شارنشین دان، هەردوولایان وەك یەك، هێشتا خۆیان لەناو گرووپی خێڵ و هۆزدا دەبیننەوە. ئەم شێوەی خێڵ و هۆزبوونەش، خۆراك دەدات بە یەکدی خۆریی و وا دەکات، یەکڕیز و یەکگرتوو نەبن.)

ئەحمەد تاهیر
بە سوپاسەوە لە مامۆستا ڕەفیق ساڵحم وەرگرتوە




## سەرووەری
## مەلاشاخی

ساڵیادی شەهیدبوونی
شەهید ئاکۆسوور و
شەهید شوانە مامرەشی
- شەوی ٢٤ - ٢٥ - ١٢ - ١٩٩٤
هەردوو فەرماندەی ئازای کەرکوک
لە چیای(سەفین)ی سەرکەش
گەیشتنە کاروانی سەرووەری
روحیان شاد.










# مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەعس(1991)

نەوشیروان مستەفا سایتی: (سبەی)

## بەشی هەشتەم

**هەندێ لە گرێکوێرەکان**
بۆچونەکانی نوێنەرانی بەرەی کوردستانی و سەرانی بەعس لە هیچ بابەتێکی سەرەکی دا یەکی نەئەگرتەوە، زۆرجار دژی یەکتری بون .چەند مەسەلەیەک بونە گرێکوێرە لەوانە: دەستوری عیراق، ئاساییکردنەوە و داوودەزگا ئەمنیەکان لە کوردستان، دیاری کردنی سنوری ئۆتۆنۆمی، چارەنوسی بێ سەروشوێنەکانی ئەنفال، سەرباری ئەمانەش داوای بەعس لە بەرەی کوردستانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پێشمەرگە و، برینی هەمو جۆرە پەیوەندیەک لەگەڵ دەرەوە. ئەوەی خەڵکی کوردستان لە بەعسی ئەویست و، ئەوەی سەرکردایەتی بەعس ئامادە بو بیسەلمێنێ، زۆر دور بون لە یەکتری.
من زو ئومێدم لە گفتوگۆکە بڕی، ڕۆژێکیان بۆ د.جەرجیس حەسەن و دارای تۆفیق ئاغا و ئازاد بەرواری کە پێکەوە لە خانویەک دا بوین، بۆم باس کردن، ئەفسانەیەکی کۆنی کوردی ئەڵێ: "ئەرز لە سەر پشتی گایە و، گا لە سەر پشتی ماسیە و، ماسیش لە ناو ئاوی دەریادایە" لێم پرسین: "بیستوتانە؟" وتیان: "بەڵێ بیستومانە" وتم: "گفتوگۆکەی ئێمەش لەو ئەفسانەیە ئەچێ!" لێرەدا هەندێ لە کێشە سەرەکیەکان باس ئەکەم:

**کێشەی دەستور**
یەکێ لەو پرۆژانەی لە گەڵ خۆمان بردبومان بۆ بەغداد پرۆژەی "الوحدە الوطنیە" بو کە ئەبو لە کۆمیتەی ئۆتۆنۆمی دا گفتوگۆی لەسەر بکرایە.
بیروڕای ئێمە بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی دیمۆکراتی لە عیراق دا بەمجۆرە بو:
-دەسەڵاتی حیزبی بەعس لە دەسەڵاتی حکومەت جیا بکرێتەوە
-ئازادی دامەزراندنی حیزبی نوێ و ڕۆژنامەی نوێ بدرێ
-قانونێکی تازە بۆ هەڵبژاردنی گشتی لە عیراق دا دابنرێ
-لە ماوەی 6 مانگ دا هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنێکی دامەزرێنەر بکرێ، لەو ئەنجومەنەدا دەستوری دائیمی عیراق دابنرێ و، بخرێتە بەردەم گەل بۆ دەنگدان لە سەری
لەو کۆمیتەیەدا لە سەر ئەم باسە زۆر دوا بون. سەرکردایەتی بەعس سور بون لە سەر ئەو دەستورەی پێش داگیرکردنی کوەیت بە ماوەیەکی کەم بڵاویان کرد بووەوە.
وەفدی حکومەت لە وەڵامی پرۆژەکەی بەرە و ئەم پێشنیارانەدا پرۆژەیەکی تریان ئامادە کرد و، دایان بە وەفدی کوردی پرۆژەکەی بەرەی کوردستانی لە بناغەوە هەڵئەتەکاند.
لە مەسەلەی دیمۆکراسی دا نوێنەرایەتی بەعس بە هیچ جۆرێ ئامادە نەبون خواستە سەرەکیەکانی نوێنەرایەتی کورد بسەلمێنن، لەوانە جۆری دانانی دەستور، کە بە لای بەرەوە ئەبو دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی ئازاد و فرەحیزبی دابنرێ. ئەوان سور بون لە سەر ئەوەی لە لایەن "مەجلیسی قیادەی سەورە" وە دابنرێ و، بەرە هەر دەسکاریەکی ئەوێ تیا بکرێ، پێشنیاری بکات بۆ ئەوان تا لێی بکۆڵنەوە .پاش مشتومڕێکی زۆر بۆ ئەوەی قسەی ئێمە ببڕن، وتیان: "ئەم کێشەیە ئەخەینە بەردەمی سەرۆک یەکلایی بکاتەوە." هاتنەوە وتیان" :سەرۆک ئەڵێ مەجلیسی قیادەی سەورە پرۆژەی دەستوری دائیمی دائەنێ، هەر پێشنیارو رەئیەکتان هەیە بۆ چاککردنی بیڵێن." بەمە کۆتاییان بە گفتوگۆکە هێنا.
لە یەکەم دانیشتنی خولی دوەم دا عیزەت دوری لە ناو قسەکانی دا وتی : "قانونی نوێی حیزبایەتی و، ڕۆژنامەوانی و، هەڵبژاردنی گشتی، پێکەوە دائەنێین و، لە سەری پێک دێین." بەڵام لە دانێشتنەکانی تردا ئەم گفتەیان لە بیر خۆیان بردەوە. لە سەرەتای ئەیلول دا بە تەنیا "قانون الاحزاب" یان دەرکرد. ئەم قانونە هیچ دەسکەوتێکی سیاسی نە بۆ کورد و نە بۆ گەلی عیراق دابین نەئەکرد. ئەوەندە پوچ بو لە لایەن هەمو لایەنەکانی موعارەزەی عیراقیەوە، بە دیمۆکراتی و نەتەوەیی و دینیەوە، ڕەت کرایەوە.



لە یەکێ لە دانیشتنەکان دا لە گەڵ تاریق عەزیز، ئەبو زیاد مەسەلەی بەشداری کردنی سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی لە حوکم دا هێنایە پێشەوە وتی: "ئەبێ هەمو سەرکردەکانی بەرە بەشداریەکی کاریگەر و چالاک بکەن لە حوکم دا" کە لێمان پرسی: "ئەو پلە و پایانە چین ئەدرێن بە کورد؟" باسی جێگری سەرکۆمار و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی... کرد. پێشتر لە ناو خۆمان دا باسمان کرد بو کە پێشنیار بکەین مادەم سەرکۆمار عەرەبە، لە پێناوی بەهێزکردنی یەکێتیی نیشتمانیی هەردو گەلی کورد و عەرەب دا با جارێک سەرۆوەزیران، یا سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد بێ. من بۆ خۆشکردنی دانیشتنەکە وتم: "ئەبو زیاد ناکرێ جارێک سەرۆک، یا سەرۆکی تیپی فوتبۆڵ بێ، لە ئێمە بێ؟" دەسبەجێ لە وەڵام دا وتی: "نە ئیستا و نە پاش پەنجا ساڵی تر شتی وا نابێ" کە پرسیاری هۆیەکەیمان کرد وتی" :چونکە ئێوە حوکمی زاتیتان هەیە!" وتمان کەوایە حوکمی زاتی بۆ خۆتان و شەریکایەتی حوکممان ئەوێ وتی: "حوکمی زاتی بەخشینی سەرۆکە بۆ گەلی کوردمان ئێوە ناتوانن رەتی بکەنەوە".

**کێشەی دەزگا "ئەمنی" یەکان**
لە کاتی گفتوگۆکانی ساڵی 1984 دا داودەزگاکانی ئەمن لە چەند جێگایەک ئازاری خەڵکیان دابو، نوێنەرێکی ی ن ک لە لای "لوجنەی تەنسیق" شکاتی لێ کردبون، ئەفسەرێکی پلە بەرز، وت بوی: " لە سەر ئەمن هەرچی بڵێن لەوە خراپترن، لە ناو ئێمەدا ئەڵێن: ژن کە ئەکەوێ ئەبێ بە سۆزانی و، پیاویش کە ئەکەوێ ئەبی بە عنصر أمن". داودەزگاکانی ئەمن لە کوردستان دا ئەوەندەیان زوڵم لە خەڵک کردبو، ناوەندەکانی ئەوان لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکەدا، یەکەمین ئامانجی پەلاماری خەڵک بو، فەرمانبەرەکانیشیان بە دەگمەن زەلامیان بە زیندویەتی لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک و شارەکانی تر دەرباز بون. خەڵک ئەوەندە بەداخ بو لێیان لە هەندێ جێگە پیرەژن و پیرەمێرد و منداڵ بە بەرد سەریان پان کردبونەوە.
ئەمن تەنیا دەزگای دزێو و بوغزێنراو نەبو، بەڵکو ڕێکخراوەکانی بەعس و، دائیرەکانی ئیستیخبارات و، موخابەراتیش لەوان کەمتر خراپ و بەدناو نەبون. خەڵک بە ئاواتەوە بون جارێکی تر ئەم داودەزگایانە نەگەڕێنەوە بۆ کوردستان. لە عێراق چەندین داوودەزگای ئەمنی هەبو :
مدیریە الامن العامە، مدیریە الاستخبارات العسکریە العامە، مدیریە جهاز المخابرات،
الامن الخاص، سەرباری ئەمانەش یەکێ لە ئەرکە سەرەکیەکانی هەمو بەعسیەک جاسوسی و ترساندنی خەڵک بو،

کاتی خۆی "أمن" سەر بە وەزارەتی داخلیە و، " إستخبارات" سەر بە وەزارەتی دیفاع بو، لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە سەدام لە داخلیە و دیفاعی جیا کردبونەوە و، ڕاستەوخۆ بەست بونی بە خۆیەوە.

بەعس وەکو حیزب بە گشتی و، سەدام خۆی وەک زەلام، "عقدەی ئەمنی"یان هەبو. سەدام لە سێبەری خۆی سڵی ئەکرد و، لە هاوڕێ نزیکەکانیشی دڵنیا نەبو، جاسوسی بە سەر جاسوسەوە دائەنا و، کارێکی وای کرد بو منداڵ بە سەر دایک و باوک و، ژن بە سەر مێرد و، برا بە سەر براوە جاسوسی بکەن. هەر لەو کاتەوە حوکمیان گرتە دەست بایەخێکی زۆریان دا بە دەزگا ئەمنیەکان و، پارەیەکی زۆریان بۆ تەرخان کرد، و ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان تیا کۆکردەوە و، کەڵکیان لە شارەزا و تەجروبەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بە تایبەتی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات وەرگرت.

لە کاتی گفتوگۆکان دا یەکێ لەو مەسەلانەی بە چارەسەر نەکراوی مایەوە دەزگاکانی ئەمن کە سەر بە دەسەڵاتی ناوەندی بن لە بەغدا، یان سەر بە دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی بێت لە کوردستان؟ لایەنی بەعس لە پێش دا ئەیان ویست بە بروبیانوی داتاشراو، بە نوێنەرایەتی کوردی بسەلمێنن، کە پێویستە سەر بە دەسەڵاتی ناوەندی بێ، بەلام لە دوایی دا بە راشکاوی وتیان لە بەر ئەوەی ئەو دەزگایە ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆک خۆیەتی باشتر وایە هەر باسی نەکەن، یان خۆتان لە گەڵ سەرۆک باسی بکەن.

پێشنیاری نوێنەرایەتی کورد ئەوە بو، لە عێراق 4 دەزگای ئەمنی هەیە موخابەرات کە بۆ کاروباری دەرەوەیە و، ئیستیخبارات کە بۆ کاروباری سپاییە و، ئەمنی خاص کە بۆ پارێزگاری کاربەدەستانی حکومەت و، دامەزراوە گرنگەکانە با سەر بە ناوەند بن و، ئەمن کە بۆ ئاسایشی ناوخۆیە سەر بە دەسەڵاتی ناوچەکە بێ، نوینەرایەتی بەعس ئەمەیان نەسەلماند بەڵکو بە دەسدرێژیی‌یان دائانا بۆ سەر دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار.

## کێشەی کەرکوک

مەسەلەی سنوری جوگرافی کوردستان یەکێ بو لە ناکۆکیە لە چارەسەر نەهاتوەکانی نێوان هەردولا، بەعس لەو بارەیەوە بۆچون، تەنانەت نەخشەی خۆی هەیە، گوێ ناداتە ڕاستیەکانی مێژو و، جوگرافیا. بەڵکو هەوڵ ئەدا ڕاستیەکانی مێژو و جوگرافیا بە زۆر وا لێ بکات کە خۆی ئەیەوێ، یەکی لە پرۆژە گرنگەکانی بەرە "ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان" بو. ئەوان کردبویان بە "ئاساییکردنەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی" بە واتەیەکی تر ئەو ناوچانەی نەئەکەوتنە ناو سنوری ئۆتۆنۆمیەوە، ئاسایی نەئەبونەوە و، ئەو "تەهجیر و تەعریب و تەبعیس" ەی تیا ئەکرا بو جیگیر ئەبو، وە ئەو زوڵمەی لە کورد کرا بو لە سەریان لانەئەبرا، لە کاتێک دا ئەو ناوچانە، کە چەندین ساڵ بو، ناکۆکیان لە سەر بو پێویستیان بە " ئاساییکردنەوە" واتا لابردنی زوڵمی بەعسی هەبو. لە میانەی ئەو گفتوگۆیانەی کە لە گەڵ عەلی حەسەن مەجید کردمان دەربارەی ئەو ناوچانەی "پرۆژەی ئاساییکردنەوە" ئەیان گرێتەوە، گەیشتە ئەوەی بە سەرسوڕمانەوە لە ئێمەی پرسی: "بۆچی بە ڕەئی ئێوە سنوری ناوچە کوردنشینەکان کوێیە؟" لە وەڵاما وتمان: "سنوری کوردستان مەعلومە، ڕاستیەکانی مێژو دیاری ئەکەن" و، هەندێکی تر لە سەری ڕۆیشتین کەوا لە زۆر کتێب و نوسراو و بەڵگەدا باسی کراوە. پرسی: "وەکو؟" منیش وتم: "وەکو ئەو سنورەی عبدالرزاق الحسنی لە کتێبی (تأريخ العراق السياسي الحديث) دا باسی کردوە. عبدالرزاق الحسنی ئەڵێ سنوری کوردستان لە مەندەلیەوە بە هێڵێکی ڕاست بۆ سەر جەبەل حەمرین تا ئەگاتە شەنگار" نەی هێشت قسەکان تەواو بکەین وتی: "ئەوە با وەل بێ، خۆی خەڵەفاوە و، کتێبەکانیشی جێگای باوەڕ نین"!

زۆر جار هەوڵمان دا چەند دانیشتنێ تەرخان بکەین بۆ باس کردنی سنوری کوردستان، هەمو جارێ خۆیان لێ لا ئەدا. هەندێ ناوچەیان بە هیچ جۆرێ نەئەسەلمان و، هەر لە سەرەتاوە عیزەت دوری، حسێن کامیل، تاریق عەزیز، عەلی حەسەن مەجید، دڵنیایان کردین کەرکوک نە کوردی بوە و، نە ئێستا و، نە پاشەڕۆژ ئامادە نین باسی بکەن.

ڕۆژێکیان تاریق عەزیزمان لە کۆبونەوەیەک دا بە گیر هێنا باسی ئەو "مقياس" انەمان بۆ بکات کە دائەنرێن بۆ دیاری کردنی سروشتی نەتەوەیی ناوچەکان، وتی: "ئەو ناوچانە 3 جۆرن؛ هەندێکیان کوردین بەڵام لە بەر هۆی ئاسایش و ستراتیجی ناخرێنە سەر ئۆتۆنۆمی، هەندێکیشیان ناکۆکین لە سەری - وشەی کونتروڤێرژیالی ئینگلیزی بە کار هێنا- ئێوە ئەڵێن کوردیە و ئێمە ئەڵێین عەرەبیە، هەندێکیشیان کوردی نین و ئێوە بە خۆڕایی داوای ئەکەن". ئەو شوێنانەی ئەوان بە کوردیان دائەنا، بەشی زۆری ئەو شوێنانە بون کورد بە هی خۆی ئەزانێ، ئەو شوێنانە بە جێگای ناکۆکیان دائەنان کەم بون. تاریق عەزیز ئەی وت: "کەی هەڵبژاردنی گشتی لە عێراق کرا و، ئێوەش بەشدار بون، ئەوسا کێشەی ئەو شوێنانەی ئێوە داوای ئەکەن، بخرێتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بخەنە بەردەم ئەنجومەنی هەڵبژێردراو ئەوان بڕیاری لێ بدەن."

لە سەر کەرکوک، ئەگەرچی ئێمە زۆرمان هەوڵ دا لە ڕوانگەی جوگرافیای بەشەری و سروشتی و سیاسیەوە، هەروەها بە بەڵگەی مێژویی و، سەرچاوەی جۆراوجۆر، تەنانەت ناوی گەڕەک و، گرد و، شوێن و، گۆڕستان و مزگەوتە کۆنەکانی، بۆیان ڕون بکەینەوە کە کەرکوک بەشێکە لە کوردستان. تاریق عەزیز ئەمانەی نەئەسەلماند و، نمونەی ئەندەلوسی هێنایەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان عەرەبی بوە، ئێستا هیچ عەرەبێ داوای ناکات. سەرەڕای ئەم "بەهانە و بە یەک شوبهاندن" ە سەیرەی کەرکوک و ئەندەلوس، بۆ ئەوەی بۆمان ڕون بکاتەوە کە بۆچی ئەوان ڕازی نابن کەرکوک بخرێتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی، وتی: " کەرکوک نەوتی تێ دایە، لە ساڵی 1927 وەوە داوودەزگا و، خانو، بۆری... تیا دائەمەزرێنرێ و، بیری لێ هەڵ ئەکەنرێ و نەوتی لێ دەر ئەهێنرێ. ئەگەر نەوتی کەرکوک بخرێتە سەر ئۆتۆنۆمی، کێ ئەڵێ ڕۆژێ کورد لە گەڵ ئێران یان لە گەڵ تورکیا ڕێ ناکەوێ، بەرامبەر بەوەی دان بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دا بنێن، نیوەی نەوتەکەیان نادەنێ، کەرکوک ئەگەر بخرێتە سەر ئۆتۆنۆمی واتە بە کردەوە بناغەی ئابوریی دەوڵەتی کوردی دابین ئەکرێ". لە گفتوگۆکانی 1984یش بەعس، بە تایبەتی سەدام خۆی، ئەم بیانوانەی هێنابوەوە بۆ دابڕینی کەرکوک لە کوردستان بۆ وەفدی ی ن ک.

بۆ ئەوەی باری سەرنجی خۆمان بە باشی بۆ سەرکردایەتی بەعس ڕون بکەینەوە پێمان باش بو بە نوسین پرۆژەیەکیان پێشکەش بکەین. لە سەر بنچینەی پرۆژەیەک کە د موکەڕەم تاڵەبانی ئامادەی کردبو بۆمان، سامی و جەوهەر نامیق و من بۆ ڕێکخستن و ئامادەکردنی پرۆژەکە دانیشتین، دوای نوسین و تایپ کردنی، بە ڕەسمی ناردمان بۆ وەفدی حکومەت، لە بەر گرنگی پرۆژەکە لێرەدا تێکستەکەی ئەنوسمەوە:

مقترحات بشأن منطقة الحكم الذاتي حول كركوك:

كان الكرد قبل التغيرات الحاصلة في حدود المحافظة و الأحوال الاستثنائية يشكلون الأكثرية الساحقة على نطاق المحافظة، و بالرغم من استمرار تلك السياسة ازداد عدد الكرد في مدينة كركوك بسبب نزوح عدد كبير من الفلاحين من القرى التابعة لها جراء الهجرة الطبيعية من الريف الى المدينة.

اتبعت السلطة المركزية و بصورة خاصة بعد سنة 1975 الاجرائات التالية لجعل الكرد أقلية في المحافظة:

.1إستقطاع قضاء كلار و قضاء چمچمال و إلحاقهما بمحافظة السليمانية.

.2إستقطاع قضاء طوز و إلحاقه بمحافظة صلاح الدين.

3.إستقطاع قضاء كفرى و الحاقه بمحافظة ديالى.
4.بناء مجمعات عربية في ناحيتي داقوق و تازه و كذلك في دبس بنقل العشائر العربية اليها.
5.بناء مجمعات سكنية عربية ضمن مدينة كركوك، احياء كاملة و ترغيبهم للسكن فيها، و نقل مجموعات عربية اليها، و تعين الموظفين من العرب فقط، و وجود قيادات عسكرية و أمنية و مدنية بصورة مكثفة فيها.
6.إصدار الأوامر بعدم إجراء معاملات تسجيل العقارات بإسم الكرد و عدم إعطاء اجازات البناء لهم، و تسهيل بيع العقارات للعرب فقط.
7.اجبار بعض العشائر الكردية على تسجيل أنفسهم عربا، و إصدار قرار رسمي بعدم تغير ذلك في سجلات الأحوال المدنية.
8.إخلاء المناطق القريبة من كركوك من سكانها الكرد بين سنتي 1985-1988.
9.التهجير الجماعي من الأحياء الكردية الى منطقة الحكم الذاتي كحي الشورجة و حي رحيمآوا و غيرهما. و جرى الشيء نفسه في قضائي طوز و كفري و كان آخرها إزالة أحياء كردية بكاملها بعد الأحداث الأخيرة.
نقترح أحد البديلين لحل مسألة كركوك:
أولا: اعادة محافظة كركوك الى حدودها الادارية السابقة (لواء كركوك) أي اعادة الحاق أقضية كلار و كفري و طوز و چمچمال اليها، و ربط المحافظة بمنطقة الحكم الذاتي، مع ابقاء الصلاحيات المركزية على النفط و كلما تعتبره الدولة مرفقا استراتيجيا، و في هذه الحالة تبقى حقوق أبناء القومية العربية و الأقليات محفوظة بموجب القوانين.
ثانيا: اعادة محافظة كركوك الى حدودها الادارية السابقة (لواء كركوك) باستثناء قضاء الحويجة و ناحية قرەتپه، بالحاق الأول بمحافظة صلاح الدين و الثانية بمحافظة ديالى، و من ثم ربط محافظة كركوك بحدودها الأخيرة بمنطقة الحكم الذاتى مع إبقاء الصلاحيات المركزية على النفط و كل مرفق تعتبره الدولة استراتيجيا، و في هذه الحالة تبقى حقوق أبناء القومية العربية و الأقليات محفوظة بموجب القوانين.
حول المناطق الاخرى:
أولا: ربط قضائي عقرة و الشيخان بمحافظة دهوك، جدير بالذكر انه كان من المقرر جعل هذين القضائين جزء من محافظة دهوك عند استحداثها عام 1969.
ثانيا: ربط قضاء خانقين و قضاء السنجار و قضاء مندلي و ناحية زمار بمنطقة الحكم الذاتي، و بالامكان التفاهم حول بعض هذه المناطق على أساس ادارة مشتركة و أرجاعها الى وضعها الطبيعي و ربطها بالمحافظة المركزية.
و في كل الأحوال يبقى النفط و المرافق الاستراتيجية تابعة للسلطة المركزية.
*

بەعسیەکان زۆر جار مناوەرە ئەکەن، ئەمەشیان کردە بابەتێکی تری مناوەرە کردن. دوای ئەمە تاریق عەزیز کۆبونەوەیەکی لە گەڵ کردین وای دەرخست لە بینینی ئەم پرۆژەیە توشی "شۆک" بون، ئەوەیان بەوە لێک داوەتەوە کە ئێمە لە گفتوگۆ پەشیمان بوینەتەوە، بۆیە ئەوەمان پیشکەش کردون تا گفتوگۆ لە بنەڕەتەوە هەڵتەکێنین.
*

لە بەر ئەوەی گرێکوێرەکان لە کۆمیتە لاوەکیەکان دا نەئەکرانەوە.
یەکلاییکردنەوەی بەرەو روی کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەکرایەوە. بۆ ئەو مەبەستە کاک مەسعود 7 جار عیزەت دوری بە تەنیا بینی. هەمو جار پێش ئەوەی برِوات بۆ دیتنی دوری، ئێمە خۆمان دائەنیشتین و، باسی ئەوەمان ئەکرد چی لە گەڵ عیزەت دوری باس بکات، ئەو مەسەلانەی کە ئێمە لە کۆمیتەکان لەسەری رێک نەئەکەوتین، ئەبو ئەو لە گەڵ دوری باسی بکات و، هەوڵ بدات لە باری سەرنجی بەرەوە بە لایان دا بخات. بەڵام لەوێش چار نەئەکران. بە هەڵواسراوی ئەمانەوە.
بۆ بەلادا خستنی مەسەلە گرنگەکانی وەکو: دەستوری دائیمی عیراق و، کەرکوک و، دەزگای ئەمن، هەمومان پێشنیارمان بۆ کاک مەسعود کرد داوای بینینێکی دو قۆڵی خۆی و سەدام بکات. بارزانی سەدامی بینی، بەڵام هیچ وەڵامێکی دیاری کراوی نەهێنابووەوە لە سەر ئەو ناکۆکیانە، قسەی گشتییان کرد بو.



## خەونەکانم بێ کۆتایین!

رێزان ئەحمەد هەردی

ئەم چەند دێڕە پێشکەشە بەهەموو ئەوانەی حەز بەخەون و خەیاڵ دەکەن، تەنیا بۆ زاخاوی مێشک. جار جار شێتی دەمگرێت و چەند دێڕێک دەنوسم!
لەپەنجەرە تەماویەکەی ژوورە بچوکەکەمەوە دەڕوانمە دەرەوە. بارانێکی بەخوڕ دێتەخوارەوە ولورەلوری بایەکی بەهێز ناخم دەهەژێنێت! ڕومەتم بەپەنجەرە سارەدەکەوە دەنێم و چاوم دەبڕمە تاریکایی شەوێکی پڕ لە پەرۆشیی و نادیاریی.
چاوەکانم ماندوو دەبن و بەهێواشی دەیاننوقێنم و خەیاڵ بەرەو ژیانێکی پڕ لە خۆشی و شادیی دەمگێڕێتەوە.
ئەو کاتانەی بەهاتنی تۆ ماڵەکەمان پڕ لە پێکەنیین و هیوا و دڵخۆشی بوو. ئەوکاتەی تۆ باوەشت بۆ ژیان گرتبۆوەوە و ساتەکانی تەمەنت بە خەندە و پێکەنیین و قسەی خۆش پڕ دەکرد. ئەو کات ژیانمان پڕ لە ئارامی دەروون و هیوا بەداهاتویەکی پڕ بەختەوەریی بوو.
شانە پانەکەت جێگەی ئارامی دڵ و باوەشە گەرمەکەت شوێنی حەوانەی دەروونە.
لەم شەوەدا چاوەڕوانی هاتنەوەت دەکەم! تۆ ڕۆیشتوویت بۆسەفەرێکی ئەفسوناوی و خەیاڵاوی سەرە قەلەباڵغ و شپرزەکەم !.
گەر تۆ نەبیت کێ دەرگای ماڵە بچوکەکەمان دەکاتەوە؟ کێ ماڵە هەژاریەکەمان پڕ لە خەندە و هیوا و ئومێد دەکات؟ کێ باوەشی خۆشەویستیم بۆ دەگرێتەوە؟ کێ ئارامیم دەداتێ؟ جێم مەهێڵە و لێرە بمێنەرەوە!
لەپڕ دوودەستی ئاسنینی بەهێز لە پشتەوە باوەشم پیا دەکات!
- چیە خەیاڵی چیرۆکێکی تازەیە؟
بە پێکەنینەوە دەڵێم:
- بۆ خۆت دەزانیت شەوی تاریک و سەرما و سۆڵە، شەوی خەیاڵ و شیعر و چیرۆکە!
- جا چیرۆکەکەت بە چی دەست پێدەکات و بەچی کۆتایی دێت؟
چاوەکانم دەبڕمە چاوە پڕ سۆز و میهرەبانە ڕەشەکەی و بە دەنگێکی ئارام دەڵێم:
- بە خۆشەویستی دەست پێدەکات و بە دڵداریی و ئاسودەیی کۆتایی دێت!
زەردەخەنەیەکی شیرین دەکەوێتە سەر لێوەکانی و بەدەنگێکی پیاوانە دەڵێت:
- گەر تۆ و خەیاڵ و خەونەکانت نەبێت، شەوانی درێژیی زستان و ڕۆژە پڕ ئەفسوناویەکی بەهار بەچی پڕ بکەینەوە؟
لەپەنجەرەکە دوور دەکەومەوە وخۆم فڕێ دەدەمە سەر جێگا شڕ و پڕەکەم و بەرەو دنیای خەوێکی پڕ لە ئارامی و خەیاڵ و پڵو دەڕۆم و خەون پێڵۆکانم قورس دەکات و بیر لە چیرۆکێکیتر دەکەمەوە.
مانگی ١٢/ ٢٠٢١



Sbeiy.com Sbeiy.com © 2021

## سەروەری

### مەلاشاخی

گرتنی سەیتەرەکەی کەرکوک
شەوی ٢٤ ـ ٢٥ ـ ١٢ ـ ١٩٨٢
کەرتی ٤ی خاڵخاڵانی تیپی ٢١ی کەرکوک
دوای کۆبوونەیەک لەگوندی چیمەن
دەستەیەک لەکوڕەئازاکانی کەرکوک
کەبریتی بوون لە :
١ ـ شەهیدکەریم محمدامین رەزا(کەریمەڕیشە)
فەرماندەی کەرت.
٢ ـ شەهیدعادل حاجی رشید کانی گەوهەری
٣ ـ شەهید فریاد قەسرۆکی
٤ ـ شەهید سەربەستەسوور
٥ ـ شەهید بەدرخان قەمیشەیی
٦ ـ شەهید دلاوەر کوێخا شەریف
٧ ـ شەهید احمدشێخ سعید
٨ ـ ستار عبدالرحمن(ستارقەمەری)
٩ ـ عوسان احمد
١٠ ـ ........
بەچاوساغی :
١ ـ شەهید هیواچیمەنی
٢ ـ خلیل مەلاعوبێد
٣ ـ ناسیح چیمەنی
دەکەونە ڕێ بەرەو بازگەی کەرکوک
کەلەنێوان باروتخانەو گەڕەکی ئیسکان بوو.
لەهەڵمەتێکی یەکێتییانەدا
کۆنترۆلی دەکەن و هەموو
سەرباز و ئەمن و استخباراتەکان
بەسزای گەل دەگەیەنن.
هێزێکی زۆری رژێم لەشارەوە
دێن بەهاواریانەوە..
پاش دووسەعات شەڕی گەرم
١ ـ کەریم حاجی نۆکەڵە(کەریمەڕیشە)
٢ ـ عادل حاجی رشید(کانی گەوهەری)
شەهید دەبن.
هاوڕێکانیان هەرئەوشەوە
تەرمی شەهیدەکان دەشارنەوە و
خۆیان بەرەو ناوشوان دەکشێنەوە.
شەوی دواتر کەرتی ٢ی شوان
کاک سەیدبرایم وکوێخا سیروان و
هاوڕێکانیان..
بەچاوساغی شەهید هیواچیمەنی
دوو هاوڕێی بەناوەکانی:
١ ـ محمد عبدالله چیمەنی
٢ ـ محمود حاجی مارف
تەرمی شەهیدەکان دەهێننەوە و
بەخاکیان دەسپێرن.
تەمەندرێژی بۆ زیندووەکان
شەهیدەکان روحیان شاد.
***




ژیاننامەی شەهید کەریم
شەهیدکریم محمدامین رەزا
کەریمی حاجی نۆکەڵە
ـ لەدایک بووی ١٩٥٤ چەمچەماڵ
ـ ساڵی ١٩٧١ بووتەپێشمەرگە
لەشۆڕشی ئەیلوول.
ـ لەشەڕی شاخی زمناکۆ
بەسەختی بریندار دەبێت
بۆیە ناوی کوڕکی دەنێ(زمناکۆ)
ـ ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی دەکات
بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە
ـ ساڵی١٩٧٩دەبێتەپێشمەرگە
لەهەرێمی ٢ی کەرکوک.
شەوی ٢٤ ـ ٢٥ ـ١٢ ـ ١٩٨٢
لەگەڵ عادل کانی گەوهەری
شەهید دەبن.
روحیان شاد.

# دەربەندی بازیان

## ڕەووف محەمەد ئالانی

دەربەندی بازیان، ناوچەیەك پڕاوپڕ لەمێژووی نەبەردی، چیرۆکی سەرنجراکێش، کاتێك گوێبیستی ناوی دەربەندی بازیان دەبین ڕاستەوخۆ خەیاڵ پەلکێشمان دەکات بۆ بەردەقارەمان‌و نەبەردییەکانی شێخ مەحمودی حەفیدوجەنگاوەرانی.

بەڵام ئەم ناوچەیە مێژوویەکی دێرینی هەیەو پەرستگاو ئاسەواری دێرینی ئەشکانی‌و ساسانییەکان‌و ئاشورییەکان بە ئاشکرا لە ناوچەکەدا بەدیدەکرێت‌و ئەم دەربەندە لانەیەکی ئارام بووە بۆ ئەو ئیمپراتۆرو فەرمانڕەوایانەی ڕۆژگارێك بەم ناوچەیەدا تێپەڕیبیان کردووە یاخود جێگیر بوون، چونکە بوونی ئەم دەربەندە گرەنتی مانەوەو گەشەسەندنی هەر گەل و هۆزێك بوە کە کەڵکەڵەی باڵادەستی بەسەر هەردوو دیوی دەربەندەکەدا هەبوبێت .

سیمای ئاساری ئەم ناوچەیە، خۆی لە دیواربەندێك‌و شوێنەواری پەرستگای کۆن‌و بەردەقارەماندا بەرجەستە دەکات کەهەر یەکێکیان مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیەو چیرۆك‌و سەرگوزەشتەی جیاواز لەبارەیانەوە باس دەکرێت.

ئەم دیواربەندەی جیاکەرەوەی هەردوو دیوی دەربەندەکەیە، مێژوویەکی دێرینی هەیەو بەپێی هەندێك سەرچاوە لەسەردەمی لۆلۆبییەکاندا دروستکراوە کەوڵاتی زاموای پێوتراوە، ئەم دیواربەندە ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگی بینیوە لە ڕووی سەربازییەوەو لۆلۆبییەکان وەك قەڵای بەرگری بەرامبەر بە ئاشورییەکان بەکاریان هێناوەو چەندین جەنگ‌و بەرکەوتنی خوێناوی لەنێوانیاندا لەم جوگرافیا بچوکەدا ڕوویداوە.

ئەم دەربەندە دەرگا یان دەروازەیەکە لەگەڵ چەند دەربەندێکی تردا لەزنجیرە شاخی قەرەداغ، کە بە دەربەندیخان کۆتاییان دێت، دەربەندەکانیش لەڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەستپێدەکات کە پێکدێن لە:

دەربەندی بازیان، دەربەندی سەگرمە، دەربەند جافەران، دەربەند گۆشان، دەربەند داری زەرد، دەربەند ئەستێل، دەربەند گاوور (تەکیە)، دەربەند باسەرە، پەیکوڵی‌و دەربەندیخان.

لە نێوان زنجیرە شاخەکانی قەرەداغداو لە بەینی دەربەند سەگرمەو داری زەردا، چەمو مێرگوزارێك هەیە کەپێی دەڵێن (قۆپی قەرەداغ )کە بە فێنکی‌و کانی‌و ئاوی زۆرو داری سەوزی گەورە بەناوبانگە .

ناوی ئەم قۆپی‌و باسەرەیە لەنوسینی کۆنی سەرپێستەدا هاتوە بەزمانی یۆنانی‌و فارسی‌و ئەشکانی، کە لەناو گۆزەیەکدا لەچیای هەورامان دۆزراوەتەوەو ئێستا لەمۆزەخانەی بەریتانیادایەو مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی پێش هاتنی عیسا پێغەمبەر(علیه السلام).

ئەم دەربەندە لەسەدە کۆنەکاندا ناوی هەبووەو زیاتر لە هێزێکی داگیرکەر گوزەریان پێداکردوە، دیارترینیان پاشاکانی ئاشووری بوون بەتایبەتی (ئاشوور ناسر پاڵی دووەم)، ناوە کۆنەکەی ئەم دەربەندە (بابیتا)یە لەسەرچاوە ئاشووریەکاندا، هەر لەم شوێنەدا شەڕی گەورە گەورە لەمێژووی کۆن‌ونوێدا ڕوویداوەو شەڕەکانی ئەورەحمان پاشای بابان‌و شێخ مەحمودی نەمر بەڵگەی ئەم ڕاستییەن.

مامۆستای گەورە خوالێخۆش بوو (تۆفیق وەهبی )دەڵێت :

کۆنترین ناو لەمێژووی ئیسلامدا بۆ دەربەندی بازیان هاتبێ لە کتێبی (نزهه القلوب) حمدالله المستوفیدایە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1223 زایینی‌و بە (دەربەندی خەلیفە 9ناوی دەبات، ئەمەش ناوێکی (باگنی)یە، چونکە(خەلیفە لای ئیسماعیلییەکان بە إمام ) دەوترا بەوەدا کە خەلیفەی خوایە لەجیهاندا.

لە بەشێکی دیکەدا مامۆستا (تۆفیق وەهبی) دەڵێت :

لەمێژووی عوسمانیەکاندا وەك (دولە عیمانیە تأریخی)ئەم دەربەندە بە (مجیق ایمان شاە) ناوبراوە چونکە ساڵی (1534زایینی) سوڵتان سولەیمان قانونی گوزەری پێدا کردووە، بەبڕوای مامۆستا وەهبی (إیمان)ە کەهەر لە (إمام )ەوە وەرگیراوە بەوەدا کەناوێکی( باگنیە)و ئەو سەردەمە (باگنیە اسماعیلیە) کان لەوناوەدا زۆر بوون .

هەروەها مامۆستا وەهبی دەفەرمویێت: مێژووی نادرشا کە (جیهان شای نادری)یەو (میرزا مەهدیخان) بەفارسی دایناوە، ئەم دەربەندە بە (اق دەربەند 9 واتا (دەربەندی سپی) ناودەبات، بەوەدا کەبەردەکانی سپی بوون‌و هەروەها لەسەردەمێکدا تورکەکان (دەمیر قاپو) واتە(قاپی ئاسن )یشیان پێ وتوە.



والی بەغداد سلێمان پاشا، لە بەهاری ساڵی (1807) زایینی لەشکرێکی سەد هەزارکەسی نارده سەر ئەورەحمان پاشای بابان چونکە لەکاتی دەستبەکاربوونیدا وەك والی بەغدا نەچوبو بۆ پیرۆزبایی، پاشای بابانیش کە بەمەیزانی خۆی کۆکردەوەو لەشکرێکی دوو هەزار کەسی ناردە دەربەندی بازیان لەوێ خۆیی‌و لەشکرەکەی دەستیان کرد بە قایمکاریی دەربەندەکە، تا لەگەڵ لەشکری والییا دەستەو یەخە بوونەوەو لەشکری کورد ئازایەتی‌و قارەمانییەتییەکی بێوێنەیان نیشاندا، بەژمارەیەکی کەمی سەربازەوە ئەوەندەی نەمابوو لەشکری والی تەفروتونا بکەن، بەڵام هاوشێوەی زۆربەی جەنگەکانی کورد لەمێژوودا، هەندێك لەخەڵکی ناوچەکە لەچەند دۆڵێکەوە ڕێنوێنی لەشکری والی دەکەن، پاشتر ئەورەحمان پاشای بابان‌و سوپاکەی دەشکێن‌و بەرەو ئێران هەڵدێن.

لە ڕووداوێکی هاوشێوەدا، وەك ئەوەی مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە، لەساڵی 1919دا شێخ مەحمودی نەمر لە دەربەندی بازیاندا ڕووبەڕووی هێزەکانی ئینگلیز بووەوە، لەوکاتەدا هێزەکانی شێخ محمود کەژمارەیان (300)چەکداربوو لەدەربەندی بازیان خویان قایمکردبوو، بەوپێیەی دەربەندی بازیان شوێنێکی سەخت‌و دژوارە. لە17ی مانگی حوزەیرانی 1919هێزی ئینگلیزەکان بەهێرشکردن بەرەو دەربەندی بازیان دەستی پیکرد. شێخ بە لەشکرەکەیەوە تەنگی بە هێزی ئینگلیز هەڵچنی‌و ئەوەندەی نەمابوو بلاوەیان پێ بکات.

بەڵام دەگوترێت چەندکەسێك دەبنە ڕێنیشاندەری ئینگلیزەکان‌و لە ڕێگەیەکی پشتی دەربەندەکەوە دەوری هێزەکەی شێخیان داوەو پاش شەڕێکی قارەمانانە شێخ مەحمود بەبریندارى لەژێر تاشە بەردێکی دەربەندەکەدا بەدیل دەگیرێت، پاشتر ئەوبەردە بە(بەردە قارەمان) ناوزەد دەکرێت‌و تائێستاش وەك خۆی ماوەتەوە. لەوشەڕەدا هێزەکەی شێخ ( 48) کوژراوو (100) بریندارو دیلی هەبوو، شیخ محمود خۆیی‌و (شیخ غەریب)ی برای لە دیلەکان بوون‌و دواتر ڕەوانەی بەغداد کران.

بەمەش کۆتایی بەیەکەمین حوکمداری شێخ محمود هات لەسلێمانی کە(7) مانگ‌و یەك ڕۆژی خایاند. ئەوەی جێگەی باسە دواتر دادگایی کراو شێخ محمود بەلەسێدارەدان سزادرا، دواترحوکمەکەی گۆڕا بۆ دورخستنەوەی بۆ دورگەی ئاندمان لە هندستان.

شێخ مەحمود لەکاتی بەدیلگیرانی
وەك ڕێزلێنانو بەزیندوو هێشتنەوەی سەروەرییەکانی ڕابردوو، مۆنۆمێنتێك لەناوچەی دەربەندی بازیان بەڕووبەری زیاتر لە(6)دۆنم دروستکراوە لەسەر هەمان ئەو پارچە زەوییەی شێخ مەحمودی حەفید بەرگرییەکی قارەمانانەی تێداکرد، ئەم مۆنۆمێنتە لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتو گوزاری سلێمانییەو لە چەند بەشێك پێکدێت، کە دەچیتە ناوی لەبەردەم دەرگاکەیدا پەیکەرێکی گەورەی شێخ مەحمودی نەمر دانراوەو پاشان سەوزایی‌و باخچەکە دەست پێدەکات کەزۆرترین ڕووبەری مۆنۆمێنتەکەی پێکهێناوە، لەناوەڕاستی پرۆژەکەشدا بەردەقارەمان وەك خۆی دانراوە، لەنێو مۆنۆمێنتەکەدا گەلەریەك هەیە کە ئەرشیفو وێنەو یادگارییەکانی شێخ مەحمودی تێدا نمایش کراوە، دیوار بەندێکی گەورەشی تێدایە کە بەشێوەی هونەری پەیکەرسازی جەنگی بەردەقارەمان دەگێڕیتەوە لەگەڵ نووسینی ناوی شەهیدەکان و بریندارو دیلەکان لەو جەنگەدا.
بەشێکی گرنگی دەربەندی بازیان، پاشماوەو شوێنەواری ئیمپراتۆرو گەلانی سەدەکانی کۆنە کە لەناوچەکەدا حکومییان کردوە، ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی دەربەندی بازیان، بە دیوی ناحیەی تەکیەو قەزای چەمچەماڵدا، لەسەر ئەم شوێنەوارە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیەو هەندێك مێژووەکەی دەگەڕێننەوە بۆ زەردەشتییەکان، بەپێی هەڵکۆڵین‌و توێژینەوە زانستییەکانیش بێت ئەم شوێنەوارە پەرستگایەکی ئایینی مەسیحییە، بەپێی پاشماوە دۆزراوەکانیش بێت، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان.
تەواوی ئەو کەرەستەو کەلوپەلە شوێنەوارییانەی لەم ناوچەیەدا دۆزراونەتەوە، لەئێستادا لە مۆزەخانەی گشتی سلێمانیدا پارێزراون و بەشێوازێکی زانستی سەردەمییانە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوەو مێژووی هەر پارچە ئاسارێك یەکلا کراوەتەوە .
*********************

تێبینی/ ئەم بابەتە لە کتێبی( گەشتە مێژووییەکان)ی ڕەووف محەمەد ئالانی ، وەرگیراوە



## شەڕی دەربەندی بازیان

هێزەکانی 18 ی پیادەی ئینگلیز کە ژەنەڕاڵ فرایزەر سەرکردەی بەناوبانگ لەجەنگی جیهانی یەکەمدا سەرپەرشتی دەکرد
شەڕی دەربەندی بازیان لە 19 ی حوزەیرانی ساڵی 1919 روویدا لەو شەڕەدا هێزی 18 سوپای بەریتانیا لە شاری موسڵەوە جوڵێنرا بەرەو ناوچەکانی سلێمانی و دەربەندی بازیان
کەبوە مەیدانی جەنگێکی خوێناوی لە نێوان کوردو ئینگلیزدا بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان هێزەکەی ژەنەڕاڵ فرایزەر لە نزیکەی 70 هەزار سەربازی پیادە پێکهاتبوو
جگە لە کەرەستەی جەنگی پێشکەوتوو بەسەدان تانک و تۆپ و زرێپۆش پاڵپشتی هێزە پیادەکەی دەکرد جیالەمانەش تەواوی هێزی ئاسمانی بەریتانی بەشداریەکی فراوان و بەرچاوی تێدا کردو بۆیەکەمجار بۆمبای سوتێنەری قەدەغەکراوی جەنگی تێدا بەکارهێنا
کوردپیدیا



# بیرەوەری پێشمەرگە

## قۆناغی پارتیزانی دوای ئەنفالەکان

پارتیزانەکانی قەرەداخ
بەشی یەکەم/هەڵبژاردنی مەفرەزەیەکی پارتیزان بۆ رزگارکردنی دوو پێشمەرگەی بریندار لە سنوری قەرەداخ
رۆژی 17-4-1988نزیکەی کاتژمێری چواری پاشنیوەڕۆ بوو، هەموو هێزەکەی رەتلی دووەمی مەڵبەندی یەک لە چواردەوری گوندی قازانقایە کۆببوینەوەو پێیان راگەیاندین یەکە لەدوای یەک وەرن بۆ ناو گوندی قازانقایە. گوندەکە وەک خۆی مابوو واتە هێشتا نەرووخابوو بەڵام کەس لە ناو گوندەکەدا نەمابوو، دیاربوو دانیشتوانی قازانقایە بە سەڵتە خێزانی رۆیشتبوون چونکە هەموو کەلوپەلو نان و خۆراکیان بەجێهێشتبوو.هەر دەستەو تیپی پێشمەرگە بە رۆژەکەی چەند پێشمەرگەیەکیان ناردبووە ناو دێکەو خواردنی باشیان لێنابوو بۆ ئەوەی لە ئێوارەدا بە رووناکی بەرێبکەوون بۆ سنوری تیپی 23 سورداش و 25 خاڵخاڵان لە نزیک چەمی رێزان. ئیمە بەرەو کۆتا ماڵی لای رۆژهەلاتی دی رۆیشتین. پێش ئەوەی بگەینە ماڵەکە کاک عومەر فەتاح لە بەرزاییەکدا وەستابوو من لەپێشەوەی رەتڵەکەی خۆماندا بووم کە گەیشتمە کاک عومەرو سڵاوم لێکردو پێی گووتم کاک رزگار وەرە ئێرەو پاشان کاک رەزاقی حاجی ئەحمەدی قەساب و کاک محەمەدی سێوسێنانی و شەهید تەها سێوسێنانی جیاکردەوەو واتە چوار پێشمەرگەی رێکخراوی چواری کۆمەڵە . کۆبوونەوەیەکی خێرای پێکرین لەبەرچاوی هاورێکانمان و گووتی * برادەران من باوەری تەواوم بە قارەمانی و خۆراگری ئێوە هەیە بۆیە جیامکردوونەتەوە، ئێوە لەگەڵ ئێمە نایەن بەڵکو لەگەڵ ئەبو سەلام واتە هاورێ بەهادین نوری و چەند پێشمەرگەیەکی تر دەبێت بچنەوە بۆ قۆپی قەرەداخ و ئەو دوو بریندارە بپارێزن و لەگەڵ چەند مەفرەزەیەکی تردا یەک دەگرنەوە و کاتێک بریندارەکان چاک بوونەوە وەرنەوە بۆ لامان، بەڵام نابێت بە هیچ شێوەیە بەجێیانبێڵن ئەگەر خۆشتان شەهید بوون... ئەوە نان حازرەو نانی باش بخۆن و بەرێبکەوون و هەردوو بریندارەکە بەو دوو هێسترە بەرنەوە بۆ ناو قۆپیەکانی قەرەداخ* سەیرێکی کاک رەزاقم کردو ئەویش بزەیەک گرتی چونکە هەردوکمان زۆرمان پێخۆش بوو بمێنینەوە. پاشان چووینە ناو حەوشی ئەو ماڵەی خواردنەکانی تیادا دروست کراوە،شەهید بەکرە سوری عەقاری و یەک دوو پێشمەرگەی تر خواردنێکی خۆشیان دروستکردبوو. لەناو حەوشەکەدا برادەرانی رێکخراوی 4 ی کۆمەڵە لەچواردەورمان کۆبوونەوەو زۆریان پێناخۆش بوو چۆن بەو هەموو مەترسیەو بێ نان و بێ ئاوو بێ گوند چۆن ئەو دوو بریندارەمان پێ رزگار دەبێت کە هەموو ناوچەکە بە سوپای عێراق تەنراوە،هاوررێکانمان لە چاویاندا ترسێکی زۆریان تیادا دەخوێندرایەوە هەرگیز هیچ کەسێک چاوەروانی ئەمەی نەدەکرد، هەندێک لە هاورێیان گووتیان مەمێنەوەو داوابکەن ئێوەش بێن لەگەڵماندا و یارمەتی بریندارەکان دەدەین و گووتیشیان ئەگەر پێتان باشە دەچین قەناعەت بە کاک عومەر فەتاح دەکەین کە ئێوەش بێن لەگەڵماندامن و کاک رەزاق گووتمان کاکە خۆمان حەزدەکەین بمێنینەوە،شەهید بێستون ناسراو بە شەهید سەفین کە هاورێی فەسڵکراوی زانکۆم بوو هاتە لامەوەو گووتی کاک رزگار بابچین بۆ لای کاک عومەر و قەناعەتی پێبکەین، ئەگەر بمێننەوە هەمووتان شەهید دەبن....هاورێ و هاوسەنگەرەکانمان زۆریان پێناخۆش بوو بۆ مانەوەمان چونکە دەیان زانی رێژەی رزگاربوونمان لە ناوچەکەدا زۆر کەمە، بە شەهید سەفینم گووت هاورێ گیان ئیتر پێشمەرگەین چی دەبێت با ببێت و خەمی ئێمەتان نەبێت. نانێکی باشمان خواردو دەستەکە کە 11 پێشمەرگە بووین لەگەڵ دوو برینداردا خۆمان ئامادە کردو من دوو مەخزەنی ترم پەیدا کرد کە هەمووی 12 مەخزەن بوو گووتم لە رێگا هەندێکی بە هێسترەکەدا هەڵدەگرم، دکتۆر فایەق گوڵپی بنە گونیەیەک دەرمانی داپێمان و هەردوو بریندارەکەی تەداوی کردو گووتی دەبێت بەو شێوەیە بریندارەکان تەداوی بکەن و ئەو دەرمانانەش بەو شێوەیە بەکار بێنن،بەراستی دکتۆر فایەق رێنمایی باشی کردین .



پاشان کاک عومەر رووی کردە ئێمەو گووتی مامۆستا بەهادین نوری و کاک عومەر غەریب لێپرسراوی ێێوەن و گوێرایەڵی فەرمانەکانی بن، ئەوە دوو دەلیلی باشی رێگاتان لەگەڵدایەو پێشمەرگەی قارەمان و بەجەرگن و تەواو شارەزای ناوچەکەن بەداخەوە پاش چەند رۆژێک هەردووکیان شەهید بوون کە ئەوانیش شەهیدان فەرهادە بچکۆلی گۆشان و ستار چەمی سمۆری بوون. پاشان کاک عومەر فەتاح مۆرەکەی مەڵبەندی دابە کاک عومەر غەریب و گووتی ئەوە ئیتر تۆ لێپرسراوی ناوچەکەیت، کاک عومەر غەرییبیش گووتی کاک عومەر من چی لە مۆری مەلبەند بکەم مەگەر بۆ خۆشی بیدەم لە دەوەنەکان.عومەر غەریب راستی کرد مۆرمان بۆ چیە؟؟؟ئیتر مۆرەکەی وەرنەگرت.
هێسترەکانمان ئامادە کردو هەندێک بەتانی و کەلوپەلمان لێنان و ساروخی سامەکەی کاک سوهاد خانەقینیشمان لەگەڵ خۆماندا برد بەڵام کەسمان لێمان نەدەزانی، بەم ساروخی سامە کاک سوهاد خانەقینی ساڵی رابوردوو لە داستانی زنجیرە شاخی گڵەزەردەدا هەلیکۆپتەرێکی پێخستە خوارەوە.
تەنها نیوکاتژمێرێکی رۆژی مابوو هەموو لە حەوشەی ماڵەکە چووینە دەرەوەو هەموو برادەران چاوەروانی خواحافیزیان لیدەکردین ، هەموو خواحافیزی گەرممان لەیەکتر کردو کۆتا کەس شەهید یوسف گەرمیانی بوو دڵی پڕببوو ئەملاولای بەگەرمی ماچکردین و گووتی هاورێیان ئاگاتان لەخۆتان بێت دەترسم نەتانبینمەوە، بەداخەوە قسەکەی شەهید یوسف راست بوو سێ هەفتە پاش ئەو رۆژە لە ئەنفالی چوار لە دەشتی کۆیە لەگەڵ شەهید وەستا تۆفیقی ئەحەی شەمال شەهید بوون.ئەوەی سەیر بوو بەلامانەوە شەهید تەها سێوسێنانی بوو حەزی نەدەکرد لەگەڵماندا بمێنێتەوە، هەروەها کاک عومەر فەتاح لەسەر شەرەکەی رۆژی پێشووش هەندێک لێی توورە بوو ، بۆیە شەهید تەها بێتاقەت بوو لەگەڵ ئەوەشدا وورەی دابەزی بوو هەرچەندە کورێکی قارەمان و دڵسۆزو لەش سووک و چالاک بوو، هەر بۆڵە بۆڵی بوو دەیگووت من نامێنمەوە، من و کاک رەزاقیش گووتمان باشە با کاک عومەر فەتاح نەزانێت بەدزیەوە خۆت بخەرە ناو پێشمەرگەکانەوە ئەوە بوو شەهید تەها لەگەڵماندا نەمایەوە. ئەوەی سەیر بوو بەلامەوە کاک مەحمودی سەیخەلیل بوو لە گەرمیانەوە کە لەگەڵماندا بوو هەمیشە
هەمیشە لە نزیکمان بوو ئەگەر برسێتی زۆری بۆ بهێنایە دەهات داوای خواردنی لێدەکردم هەموو جارێک بەشم دەدا ئەگەر خۆشم زۆرم پێنەبووایە بەس دڵیم نەدەشکان، هات بۆ لام گووتی بۆ نایەنە ریزەوە گووتم ئێمە دەچینەوە بۆ قۆپی ئەو دوو بریندارەمان پێیە، گووتی بۆ شێت بوون گووتم ئیتر فەرمانمان پێکراوەو جێبەجێی دەکەین گووتی بەکەلامی ئەو خوایە کە رەحمی بۆ کورد نەماوە دەکوژرێن ،گووتم برۆ کاکە با دوانەکەویت گووتی بەخوا دەزانم ئەمە بریاری ئەو تووک تاڵەیە ئاوا بە کوشتتان دەدا و رۆیشت و هەر بۆڵەی دەهات....

- هەموو هێزەکەمان بووین بە 10 پێشمەرگەو 2 بریندار

هەموو هێزی پێشمەرگە گوندی قازانقایەیان بەجێهێشت و یەک لەدوای یەک بەرەو گوندی تەنگیسەر بەڕێکەووتن، ئێمە هەندێک سەرقاڵی ئامادەکردنی هێسترەکان و کۆکردنەوەی دوو مەنجەڵ و هەندێک قاپو قاچاخ و کتری و قۆریەیەک شتی تر بووین ، ئەوەی مایەوە بەشەق شکاندنمان بۆ ئەوەی نەکەوونە دەست جاش و سەربازەکان... ئێمەش وورده وورده قازانقایەمان بەجێهێشت و بە پێچەوانەی برادەرانمان بەرێکەوتین بەرەو گوندی هەڵەرە پاش کەمێک گەیشتین بە پێشمەرگەیەکی کورتەباڵای گەنج ،شەپرێو بوو دەتگووت لەدەم گورگ بەرەڵا بوو ئەوەندا شلومل و شەپرێو بوو ، گووتمان تۆ کێیت گووتی پێشمەرگەی شوعیم لەبرادەرەکانم دابراووم ،کاک عومەر غەریب قۆڵی باداو گووتی خوارووت ڕەش بکات تۆ جاشیت؟تۆ لای کێ پێشمەرگەیت ؟ ناوی مەسئولێکی شوعی دا وابزانم گووتی پێشمەرگەی لای شەهید مەجید دوکانیم، شتەکانی ڕاست بوو لەدوایدا پێمانگووت کاکە دەبێت پێهەڵگریت و دەیانگریتەوە بەمەرجێک خۆت خاوە خاو نەکەیت . بەڕاستی لەو ڕۆژەوە پرسیاری دەکەم نەمزانی ناوی چی بوو ئایا گەیشتەوە بە پێشمەرگە کان یان نا؟؟

ناوی پێشمەرگەکانی مەفرەزە پارتیزانەکەمان

1- خوالێخۆشبوو مامۆستا بەهادین نوری لە حیزبی شوعی جیابووەوە
2- مامۆستا عەلادین نوری برای مامۆستا بەهادین
3- شێخ عەلی قامیشان /حیزبی شوعی و دەستە مامۆستا بەهادین
4- شیخ محەمەدی تەکیە / پشتگیری گوندی تەکیەو دەستەی مامۆستا بەهادین
5-شەهید فەرهادە بچکۆلی گۆشان / تیپی 55 قەرەداخ
6/ شەهید ستار چەمی سمۆری /پێشمەرگەی 55 قەرەداخ
7- عومەر غەریب لێپرسراوی دارایی مەلبەندی 1ی یەکێتی
8-ڕەزاقی حاجی ئەحمەدی قەساب / ڕێکخراوی 4 کۆمەڵە
9-محەمەدی کاک مەهدی سێوسێنانی/ڕێکخراوی 4 کۆمەڵە
10- رزگار مستەفا /پێشمەرگەی ڕێکخراوی 4 کۆمەڵە

دوو بریندارەکە

1- خالید ماوەتی /پێشمەرگەی ڕێکخراوی 4 کۆمەڵە
2- حەمەرەوف غەریب / پێشمەرگەی دارایی مەڵبەند و برای عومەر غەریب

پرسیارێکم لا دروست بوو ئەویش ئەوە بوو * ئایا بۆچی ئەو بریندارانەیان لەگەڵ هێزەکدا نەبرد کە تەنها چەند سەعاتێک ڕێگامان مابوو بیبرین؟؟ ئەی باشە ئەوان 3 بریندار بوون ، بۆچی بریندارى سێیەم کە کاک بەختیاری مەلاعیزەت بوو لەگەل هێزەکەدا ڕۆیشت بەڵام دوو بریندارەکانی تر بەرەو ژیانێکی قورس و تا ڕادەیەل مەحال نێردرانەوە؟؟؟*

ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو، ئێمەش دەستمان کرد بە جوڵەو گوندی قازانقایەمان بەجێهێشت بەرێگا خۆڵەکەی کە بەرەو گوندی *هەڵەرە*دەچوو کەوتینە ڕێ، من ڕەشمەی هێسترەکەی خالید ماوەتیم بەدەستەوە بوو زیاتر ئاگاداری ئەو بووم .مامۆستا بەهادین نوری زۆر جار لە پێشمانەوە دەڕۆیشتن و زۆر ووریا بوو بەو تەمەنەوە ماندووبوونی نەبوو ،هێسترەکەی تریش کاک عومەر غەریب و هەندێک لە برادەرانی تر سەرقاڵی بوون بریندارەکانمان زۆر بێدەنگ بوون و بە وورە بوون. پاش ماوەیەک لە گوندی هەڵەرە نزیک بووینەوە بەڵام ئێمە نەچووین بۆ گوندەکەبەڵکو بەسەرووی گوندەکەدا ڕۆیشتن بەرەو گوندی هۆمەرەمان. کە چووینە سەر چەمەکەی خوار هۆمەرامانەوە هەندێک دەمووچاومان شۆری و پاشان بەرێکەوتین بەرەو گوندەکە پێش ئەوەی بگەینە گوندەکە لە ڕێگە بەرزی و نزمەکەی پێش دی چەند ڕووناکیەکمان دەبینی کە هەندێک جار هەڵدەبوون دەکوژانەوە هەر لەوێدا خۆمان دا بە ئەرزداو بێدەنگ بووین و چاودێری روناکیەکانمان دەکرد، بەڕاستی شەوێکی زۆر تاریکو ئەنگوستە چاو بوو.

ڕووناکیەکان هەندێک جار دەردەکەوتنەوەو پاشان نەدەمان، بەڵام دنیا کپ بوو دیاریش بوو لەو نزیکانە کەمینی دوژمن نەبوو چونکە زوو زوو پۆڕ و کڵاوکورکە و باڵندەی کێوی لەسەر ڕێگاکە هەڵدەفرین بە نزیک بوونەوەمان لێیانەوە، چونکە ئەگەر کەمینی دوژمن هەبووایە باڵندە لەو ڕێگایەدا نەدەبوون.پاش کەمێک جاودێری کردنی ڕووناکیەکان سەیرم کرد ڕووناکیەکە لە نیوان من و شەهید فەرهادە بچکۆلدا دەرکەوتەوە کە دوو مەترمان بەین بوو، لەپڕێکدا مامۆستا بەهادین نوری گووتی هاوڕێیان با برۆین ئەو ڕووناکیە ئەوە جۆرە حەشەرەیەکی وەک مێشولەن لە تاریکە شەودا دادەگیرسێن و نامێنن لەناچەی قەرەداخ پێی دەڵێن *گوڵە ئەستێرە*. هەمووومان دەستمان کرد بە پێکەنین گووتمان خوا ئەو خوایەیە کە لەوەو پێش سڵمان لە هیچ شتێیەک نەدەکردەوە ئێستاش مێشولەمان لێبووە بە جاش و سەرباز.

هەرکە نزیک دێی هۆمەرەمان بووینەوەهەستمان بە بۆنی دوکەڵ و سووتاوی کردو بەباشمان زانی نەچینە ناو ئەو گوندە ڕووخاوەوە چونکە ڕۆژی پێشووتر لە نزیکی ئەم گوندە کوشتارێکی باشمان لە دوژمن کرد، لەبەر ئەوە چووینە خوار گوندەکەوەو ملی ڕێمان گرت بەرەو سنوری گوندی دەرەویانی خواروو و تافان. پاش ماوەیەکی تر گەیشتینە سنوری گوندی دەرەویانی خواروو بەڵام ئێمە ملی ئەو ڕێگایەمان گرت کە دەچێتەوە پردەکەی پێش گوندی جافەران واتە هەمان ڕێگای دوو شەوی ڕابووردوومان گرت کە لێوەی هاتبووین. هەستمان کرد زۆر ماندوو بووین هێشتا قۆپی قەرەداخیش دوورە .

شەهید فەرهاد گۆشانی گووتی هاوڕێیان زۆر ماندووین و کات نزیک بۆتەوە لە دووی شەو، کوخێکی بچووک دەزانم لە بن قۆپی سەرکۆدا با دوو سەعات بخەوین و پاشان سەردەکەوین بۆ ناو قۆپی سەرکۆ، ئێمە هەموو بە پێشنیارەکەی ڕازی بووین پاش ماوەیەکی کەم گەیشتینە ناو کوخەکە.

هێسترەکانمان لەدەرەوە بەستەوەو خۆمان چووینە ناو کوخەکەوە،ئەوەی سەیر بوو پربوو لە فەردە گەنم ، بەڵام ئێمە چووینە سەر فەردە فەردە گەنمەکان کە هەتا سەقفەکە نزیکەی یەک مەتر بۆشایی هەبوو ،ئێستاش نازانم چۆن جێگەمان بووەوە چونکە 12 کەس بووین، شەهید فەرهادی مەزن خۆی گووتی هاورێیان بخەوون من لە پشتی دەرگاکە وەک حەرەس دەخەوم. هەرچەندە سەرینمان نەبوو،خەوتنیش لەسەر فەردە گەنم زۆر ناخۆش بوو بەتایبەتی بە تاقم و مەخزەنەوە بەڵام ئەم جۆرە شوێنانە لە کاتی پارتیزانیدا وەک ئوتێل شیراتۆن وابوو گرنگ ئەوە بوو نەدەرۆیشتین و سەرماو بارانی دەرەوە لێی نەدەداین.

لەبەر ئەوەی شەکەت و ماندوو بووین هەموو دەستبەجێ خەومان لیکەووت. لە سەعات چوری بەیانی واتە پاش دوو سەعات مامۆستا بەهادین خەبەری کردینەوە سەیرم کرد مامۆستا عەلادین و شەهید فەرهاد لەدەرەوە خەریکی ئامادەکردنی هێسترەکانن. هەموو دەستبەجێ هاتینە دەرەوە هەرچەندە بەتەواوەتی خەو بەرینەدابووین، بەرێکەوتین بۆ ناو چەمەکەی خوارەوەمان و دەستودەموچاومان شۆردو بەرەو ڕۆژهەڵات واتە بەرەو پشتی گوندی سەرکۆ بەرێکەوتین کە بە یەکێک لە سەخترین و ناخۆشترین ڕێگای ناوچەکەو قۆپیەکان دادەنرا کە ناوی *گا ڕێ* بوو تەنها دوو شەو لەوەو پێش لەم ڕێگەیەوە هاتبووینە خوارەوە . وورده وورده دنیا ڕووناک دەبووەوە بەڵام دەبێت پێش خۆرهەڵاتن ئێمە بگەینە ناو قۆپیەکان مامۆستا بەهادین کە من ناوم ناوە * هەڵۆکەی قەرەداخ* لە پێشی پێشەوە دەڕۆیشت لەگەڵ ستار چەمی سمۆریداو من هێسترەکەی خالید ماوەتیم ڕادەکێشا بەڵام هەردوو کورە جوتیار کاک شێخ محەمەدی تەکیەو کاک شێخ عەلی قامیشان کە پێشمەرگەی شوعی بوو لەگەڵمدا بوون،

زوو زوو کۆپانی هێسترەکەیان راستدەکردەوە کە دەیانجار خەریک بوو دابماڵرێتە خوارەوە .کاک شێخ محەمەد هەرچەندە بیکەیسی پێبوو ،فیشەکی زۆریشی پێبوو بەڵام بەراستی زۆر ئازاو لەخۆبوردوو بوو. کەسەیری خالیدم دەکرد بەسەر هێسترەکەوە بێجگە لەوەی هێسترەکە بەرز بوو لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک بەتانی و کەلوپەلو ی تریشمان لێنابوو ،بەهەموو هێزی خۆی بە کۆپانەکەوە گرتبوو ئەگەر بکەوتایەتە خوارەوە زۆر ئازاری پێدەگەیشت و لەوانەیە بشمردایە. لەسەرەتای سەرکەوتنمان بە *گا رێ*دا تا ناو قۆپیەکان دە مەتری تەختایی تیادا نەبوو. هێسترەکەی تر کە حەمەرەوفی پێوەبوو هەندێک لە دوامانەوە بوو جار جار گوێم لێبوو حەمەرەوف دەیگووت ئەی باوکە ئەمە کەی رێگای ئینسانە پیایدا برۆیت، بەشێوەیەکی گشتی بریندارەکان سەرەرای ناخۆشی و مەترسی رێگاکە زۆر ئارام بوون و هیچ بۆڵە بۆڵێکیان نەبوو ماموستا عەلادین لەدوای دواوە بوو ، بەتێپەربوونی کات بەتەواوەتی رێگامان دەبینی . ووردە ووردە بە سەدان مەخزەن و گولە ئاربیجی و کیسەی خەو کەلوپەلی پێشمەرگەمان بینی کە دوو شەو لەوەو پێش فرێیان دابوو، هەریەکە و کیسە خەوێکمان کۆکردەوەو دەیان تفەنگی کلاشینکۆفمان دۆزیەوە .

دەبوایە پێش خۆرهەڵاتن ئێمە لە رووکاری قۆپی سەرکەوتینایەو بچینە ناو قۆپی، یەکێک لە پێشمەرگەکان لە خوارمانەوە دەیگووت خۆر هەڵنەیەیت پیاوی باش بە ، یەکێکی تر دەیگووت وەک کاک *عەلی رەشە جووتە* دەیفەرموو * ئەوە مانگ هەڵهات هەی لە مانگ بەم ،ئەوە خۆر هەڵهات هەی لە خۆر بەم _ئەمە چیرۆکی شەوێک بوو کە کەرتەکەی عەلی رەشە جووتە لە پشتی جادەی سلێمانی-عەربەت لە نزیک گوندی ژاڵە وویستبوویان بپەرنەوە بۆ بەری تانجەرۆ بەڵام کەمین هەبوو مانگ هەڵهاتبوو ئیتر جوێنی بە مانگو خۆر دابوو کاتێک خەریک بووە دنیا رووناک ببێتەوە*. ئەوەی سەیر بوو لامان لە خوارمانەوە لە جافەرانەوە کە روخێنرابوو دوو جاشی خۆفرۆش گوێدرێژێکیان پێبوو بەرەو ئەو کوخە دەرۆیشتن کە دوو سەعاتێک لەوەو پێش تیایدا نووستبووین و دوو فەردە گەنمیان بار کردو رۆیشتنەوە ئێمە کە جاشەکانمان بینی ماوەیەک لەپاڵ دارەکان و گابەردەکانی رێگاکەماندا وەستاین دەمانزانی بەرەو ئێمە دێن و ئێمەیان بینیوە بەڵام دوایی کەبۆمان دەرکەووت بۆ گەنم هاتوون، ئێمە دەستمان کردەوە بە رۆیشتن. هێشتا نەگەیشتینە ناو قۆپی خۆر هەڵهات واتە پێش سەعات حەوتی بەیانی ،بەڵام هێشتا خۆر لە خوارەوەی نەدابوو چونکە شوێنەکەی ێێمە بەرز بوو. پاش کەمتر لەنیوکاتژمێر ئێمە گەیشتینە ناو *قۆپی سەرکۆ* بەڵام کێشەکە لەوەدابوو لەوە دەترساین سەر لوتکە بەرزەکەی بەشی سەرەوەی قۆپی ئایا رەبایەیی پێوەیە یان نا؟؟کاتێک گەیشتینە سەرەوە ئاهێکمان تێهاتەوەوە چونکە رزگارمان بوو لەو هەورازە ناخۆشە. ماوەیەکی کەم پاش گەیشتنمان بە ناو قۆپی لە بەری گردۆڵگەکەی خوار رێگا سەرەکیەکەی ناو قۆپی کە رووی کردبووە ئەو رێگایەی کە پیایدا هاتبووین واتە نەماندەویست بەشی سەرەوەی قۆپیمان لێدیاربێت . هێسترەکانمان بە دوو دەوەنەوە بەستەوە بریندارەکانمان لەپاڵ گابەردێکدا دانا کە پێشەکەی دەوەنێکی چر بوو ،کێشەمان ئەوە بوو هێشتا دەوەن و دارەکان گەڵایان نەکردبوو بۆیە زۆر بە وووریایەوە دەجوڵاینەوە چونکە بەراستی نەماندەزانی ئایا دوژمن گەیشتۆتە ێێرە یان نا؟؟؟ ئەوەی باش بوو هەموو ناو قۆپیەکە ئاو بوو لە چەمەکەی خوارمانەوە گۆلاوی بچوک بچوک هەبوون بەتەواوەتی دەموچاومان شۆردو مەتارەکانمان پرکردەوە، هەندێک ناوساجیمان پێبوو بەڵام دەمانوویست کات بروات و گیای زۆر رووابوو دەمانخوارد و بۆ ئەوەی نانخواردنمان بیربچێتەوە.

زۆربەی برادەران خەوتن من و کاک رەزاق و محەمەدو ماموستا بەهادین دەگەراین بۆ شت، ێەوەندەمان شت کۆکردەوە کۆمەڵمان کردبوو ژمارەی تفەنگەکان گەیشتنە 18 کلاشینکۆف هەزاران فیشەک و مەخزەنی زۆر ،من 5 مەخزەنی چلی ئاربیکەیم بۆ خۆم هەڵگرت، ماموستا بەهادین گووتی هاورێیان زۆر سەرە تاتکێ مەکەن نەوەکو دوژمن لەسەرەوە بێت و بمانبینن بەڵام ماوەیەکی زۆر نیگام بریە سەر شاخەکانی سەرەوە بچوکترین جووڵەی دوژمن نەبوو تا رادەیەک بۆمان دەرکەووت دوژمنی لێنیە بەڵام سەد لە سەد دڵنیا نەبووین. من و محەمەدو رەزاق هەر دەگەراین بۆ شت.من چوومە بەری خوارەوە لە بن بەردێکدا گونیەکی بۆرم بینی کە هەندێک شتی تیادا بوو ،دەرمهێنا و سەیرمکرد کۆمەڵێک کتێب و دەفتەری یادەوەری و هەندێک وێنەی خێزانی بوو ، زۆری وێنەکان هی ئافرەت بوون،

سیانی زۆری تیادا بوو، پاش ێەوەی بەخێرایی چاوێکم پیادا خشان بۆم دەرکەووت خاوەنەکەی کورێکی فیرارەو خەڵکی سلیمانیە بەڵام لە جافەران ژیاوەو پەیمانگای ماموستایانی تەواو کردووە. لەناو وێنەکاندا وێنەی دوو هاورێم بەرچاو کەوت کە کاک کازم و مەعروفی گەرەکی خەبات بوون کە هەردووکیان خوێندکار بوون و خەڵکی جافەران بوون. هەرچەندە هەموو هاورێیان داوایان لێکردم ئەم دەفتەری یادەوەریانە نەهێنم،من گووتم ئێمە رۆژ تا ئێوارە هیچ ئیشێکمان نیە بۆ بە خوێندنەوەی کتێبەکان و یادەوەریەکانی ئەو فیرارە هەرزەکارەوە کاتەکەمان نەکوژین؟؟گووتیشم کەس هیچ شتێکم لەگەڵدا هەڵنەگرێت من خۆم توانام هەیە ئەو نووسراوانە بێنم لەگەڵ خۆمدا.چوومە لای جۆگە ئاوەکەدا یەک یەک وێنەکانم لەگەڵ کاک رەزاقدا پارچە پارچە دەکردو دەمانخستە ناو ئاوەکەوە. ئەو کورە فیرارە بەپێی یادەوەریەکانی دەرچووی پەیمانگای ماموستایان بووە،ناوی سیانی 16 کچی تیابوە کە ئە خۆشەویستی لەگەڵیاندا کردوە ، هەندێک لە کچەکان لە کارگەی دروستکردنی نانە قەیسیەکەی بورهانی شێخ جەلالی ئاشەوان بوون وابزانم لە سەرکارێز بوو. ئەوەی سەیر بوو زۆر محاوەلەی کچێکی خانەی ماموستایانی کچانی شوێنی *ئێستای مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوو* کردبوو بەڵام سەرکەوتوو نەبووبوو هەمیشە لەکاتی تەواوبوونی دەوامدا لە وێستگەی تێرمیناڵی پاسەکانی رزگاری چاوەروانی کردوە. نووسیبووی جارێکیان لە وێسگەگە پێمگووت* کچی جوان چۆنیت؟ بەڵام ئەو هەر سەیریشی نەکردم* لەنێوان دوو کەوانەدا نووسیبووی ( بۆ ئەمرۆ مشکیلە نیە). من و کاک رەزاق ناوەرۆکی یادەوەریەکانمان دەگێرایەوە هەموو هاورێیان داوایان لێدەکردین کە بیخوێنەوە بەڵام بۆ رۆژانی دواتریش هەر هەموو یادەوەریەکانمان خوێندەوەو دوای ئەوەی هاورێکانی تریش دەیانخوێندەوە لەناومان دەبردن. ماموستا بەهادین لەپاش تەواوکردنی یادەوەریەک بەپێکەنینەوە رووی تێکردین گووتی * کێشەی گەورەی لاوانمان ئافرەتەو تا ئێستا کێشەی نیشتمان و خەباتی چینایەتی لای ئەوان بابەت نیە*


بۆ نیوەرۆکەی یەکی ناوساجیەکمان خواردو ئەوەی وویستی بخەوێت خەوت. بەڵام هەمیشە بە وووریاوە دەجوڵاینەوەو چاودێری چواردەوری خۆمان دەکرد. کاک عومەر غەریب و ماموستا بەهادین دوو دەلیلیان نارد بۆ سەر رێگاکەی ناو قۆپی کە هەردوو شەهیدان ستارو فەرهاد بوون و چوونە شوێنێکی زۆر بەرز بۆ ئەوەی بزانن لە قۆپی وەرزیارە دوژمنی تیادایە یان نا؟ بۆ ئەوەی دڵنیابین لە رێگەکەو کە تاریک بوو بەرەو قۆپیەکانی ئەولای مەڵبەندەوە برۆین و دوربکەوینەوە لە دوژمن و لەگەل برادەرانی تردا یەک بگرینەوە.

لە پاشنیوەرۆدا ماموستا بەهادین کۆبوونەوەیەکی پێکردین و گووتی هاورێیان ئێمە لە یەک حیزب نین دەبێت رێز لە جیاوازی فکری یەکتر بگرین و خۆتان دەزانن ژیانمان زۆر لە مەترسیدایە بەڵام دڵنیام لە قارەمانی و دڵسۆزی ئێوە،

دەبێت هەمووومان پشتی یەک بگرین و چارەنووسمان بەیەکەوە بەستراوە. دەبێت گوێ رایەڵی من و کاک عومەر بن و ئێمەش ژیانتان دەپارێزین، ئەوەی ئێمە ئەمرۆ دەیکەین دەبێتە مێژوویەک و میلەتەکەمان لە دوا رۆژدا شانازیمان پێوە دەکات.لێتان دووبارە دەکەمەوە ئەوە کاک عومەرو دوو بریندارەکەشە ئامانجی سەرەکی ئێمە رزگارکردنی ئەم دوو هاورێ بریندارەیەوپاراستنی ژیانی خۆمانە، لەبەر ئەوە نابێت سەرکێشی بکەن و دەبێت تا بۆمان دەکرێت خۆمان لە شەر لادەین و ئەگەر چارمان نەما ئەو کاتە شەربکەین. بەم زووانەش دەگەینەوە بە کاک مەلا یەحمەدی گەرمیان و کاک عوسمانی حاجی مەحمودو کاک حەمەرەش و هاورێ مەجید دوکانی حیزبی شوعی و کاک مەحمودی مامە عەزەو برادەرانی تر..

**ماوێتی**

**رزگار مستەفا**




وێنەی یەکەم ماموستا بەهادین نوری

وێنەی دووم ...لە ڕاستەوە 1- رەزاقی حاجی ئەحمەدی قەساب2- شێخ محەمەدی تەکیە 3- رزگار مستەفا 4- محەمەد سێوسێنانی



وێنەی سێ یەم 1- عومەر غەریب 2- رزگار مستەفا




**یادنامەYADNAME**

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنی‌یە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبی‌یەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردی‌یەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) بەهاوکاری بەختیار شارەزووری لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.



Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703